# ژنان

NO:65

JINN

ئازادی بۆ ژن، بەختیاری بۆ کۆمەڵ



- تۆتالیتاریزم لە نێو ماڵەکاندایە!
- ژن و ژینگە
- قاتیی «شیر وشک» لە ئێران

کتێبخانەی دیجیتاڵی




کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئۆرگانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان

## ژمارە ٦٥ی گۆڤاری «ژنان»

### پێرستی بابەتەکان


- ٣- ڕێژیم لە تاڵیک قژی ژنانەوە هەتاکوو بیر و هزریان دەترسێ
- ٤- دیمانە
- ١٠- توتالیتاریزم لە نێو ماڵەکاندایە!
- ١٢- شانۆگەریەکی دیکە بە ناوی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری
- ١٤ زیادکردنی حەشیمەت یان پێشگرتن لە سەربەخۆیی ژنان و ئازار چێشتنی منداڵان
- ١٦- ژن و ژینگە
- ١٨- هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ ڕاکێشانی خەڵکی بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان
- ٢٠- چی ڕوو دەدا لە نیوان ١٠ قوتابی کچ ٣ کەسیان لە قۆناغی دواناوەندیدا واز لە خوێندن دەهێنن
- ٢٢چەواشەکاری مێژوی ڕاستەقینەی کورد
- ٢٣- ئاکامەکانی «هێرشی تیزاب» یان ئەسیدپاشی
- ٢٤- چ غوربەتێکی غەریبە و چ هەستێکی پڕ ئازارە ئەو زامە
- ٢٥- کورتەیەک لەسەر ژیانی ئەدەبی «ئەسمەر ئیبراهیمی»
- ٢٦- سوودەکانی ڕیحانە و سۆیا (جیهانی گوڵەکان)
- ٢٨- ژیان و خوێندنی ئەو خاتوونانەی لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان پلەی بەرزیان بەدەست هێناوە
- بێریوان عەبدوڵلاپوور
- شیلان خزرپوور
- بێریڤان عەزیمی



بۆ پێوەندی کردن
بە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان: y.jnan.dk.@gmail.com
٠٠٩٦٤٧٥١٨٧٧٠٠٩٣
بۆ پێوەندیگرتن بە بەڕێوەبەرانی گۆڤار پێوەندی بەم ژمارەیە بگرن
٠٠٩٦٤٧٥٠٢١٣٧١٠٩


## دەستەی بەڕێوەبەریی گۆڤاری «ژنان»


بەڕێوەبەری گۆڤار: نەسرین یوسفزادە

نووسەرانی ئەو ژمارەیە
گۆڤاری ژنان
دیمانە: شاماران
ئاسۆ مینبەری
نەسرین یوسفزادە
حەسەن حاتەمی
شەونم هەمزەیی
سیمین روحانیزادە
شیوا مرادیان
شەهلا کاوە
شەهرام سوبحانی
هاوژین موکەرم
تریفە فاتیحی
جیهان بێتووشی
و..... چەند هاورێی دیکە

هاوکارانی ئەو ژمارەیە:
نگین یوسفی
شاماران

کاری فەنی
دیزاینی ناوەرۆک:
نەسرین یوسفزادە
دیزاینی بەرگ:
جەماڵ ڕەسووڵی دنخە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕێژیم لە تاڵێک قژی ژنانەوە هەتاکوو بیر و هزریان دەترسێ

گۆڤاری ژنان

٤٤ ساله کۆماری ئیسلامی بە دژی ژنان جووڵاوەتەوە جا هەر لەو کاتەوە کە هاتە سەر کار هەتاکوو ئێستا بە گرتن و زیندانی کردن و لە سێدارەدانی ژنان دەستی بەو حکوومەتە قیزەونەی کرد.

لە ماوەی ئەو چەند مانگەی ڕابردوودا حکوومەت بە بەرداوامی دەستی کردووە بە گرتن و بەندکردنی ژنان و کچانی کورد، بە تایبەت ئەو ژنانەی لە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادیدا دەنگیان دلێر بوو و بیر و هزیان ببوو بە ڕێنیشاندەری ژنانی دیکەی دەورو بەریان.

ئەوان لەم ساڵانەی ڕابرووەدا تەنانەت لەنێو زیندانەکانیش بە ناردنی دەنگی هاوبەندییەکانیان و زیندانییەکانی دیکە بۆ دەرەوەی زیندان و بە مان گرتن لە خواردن و زۆر جار پشتگیری کردنی کۆمەڵێک زیندانی ژن بە ناوەکانی مەحبوبە ڕەزایی، هەستی ئەمیری، سەمانە ئەسغەری، سەکینە پەروانە، مریەم یەحیوی، ناهید تەقەوی، نەرگس محەممەدی، ئانیشا ئەسەدوڵاهی، سپیدە قولیان و گوڵرۆخ ئیرایی، نامەیەکیان بڵاو دەکەنەوە بۆ پشتگیریکردن لە کۆمەڵگەی بەهایی لە ئێران.

کۆمەڵێکی دیکە لە ژنان لەو ماوەیەدا بە هۆکاری جۆراوجۆر دەستبەسەر و زیدانی کراون کە لە نێویاندا فەرزانە قەرەحەسەنلوو، بەند کراوێکی کاتی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی کە بەشی چەپی جەستەی بە تەواوەتی هەست و هێزی خۆی لەدەست داوە، ڕۆژی یەکشەممە ٢٠ی جۆزەردان بە هۆی نەبوونی چاودێرییە پزیشکییەکان مانی لە خواردن گرتوە. مریەم مەحموودئابادی یەکێک لە چالاکوانانی ژنی خەڵکی سیرجان سەر بە پارێزگای کرمان، دوای تێپەڕبوونی ٣١ڕۆژ بە سەر دەستبەسەربوونیدا بە قەراری دانانی بارمتە لە بەندیخانەی ناوەندی ئەم شارە ئازاد کراوە، سووسەن حەسەنزادە، چالاکی مەدەنی و وانەبێژی زمانی کوردی دوای ٢٨ ڕۆژ بە دانانی بارمتە ئازاد کرا.

ئەو هەواڵانە و هاوشێوەیان بە دەیان جار لە میدیا و سوشیاڵ میدیا دەبیستڕێن و بە بەردەوامی هەموو جیهان چاوی بە کردەوەی دزیو و نابەجێی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەکەوێ و ئەو ڕێژیمە وەک ڕێژیمێکی دژە مرۆڤ و دیکتاتۆر و توتالیتێر هاتاکوو ئێستا بە هەموو جیهان ناسێندراوە. بەڵام ئەوەی جێی سەرسووڕمانە ئەوەیە ئەو بەوپەڕی بێشەرمییەوە هەروا بە ملهوڕی و درێژە بەو حکوومەتە دەدا و بەردەوام یەکێک لە ترسە گەورەکانی پێگەیشتن و گەورە بوونی ژنان بووە هەر بەو هۆیەش لە زۆربەی یاساکانی دا ڕێگای گەشە و گەورە بوونی ژنانی گرتووە و ئەگەریش ژنێک بە هیمەتی خۆی سەرکەوتبێ دەیان کۆسپ و بەربەستی بە ناو یاسایی لەسەر ڕێگای داناوە.

هەڵبەت لەو چەند ساڵەدا چەندین ژن هەتا ئاستی باڵا و بە ڕواڵەت بەرز ڕۆیشتن بەڵام مخابن یان هەمووی لە دەست و پێوەندییەکانی خۆیان بوون و هەر وەک داوەڵێک هەرچی ئەوان نەیانگوتبایە نەیانکردووە کە تەنانەت ئەوانیش هەر هەتا ڕادەیەکی کەم توایویانە دەرکەون. یانیش هەر بە زووترین کات بێدەنگ کراون و یان ئەوەی کە ناچار بە کۆچ بەرەو هەندەران کراون.

لە هەموو ئەو ساڵانەدا ژنانی ئازادیخواز و یاخی لەو حکوومەتەش کەم نەبوون کە دەکرێ لە نێویان دا ئاماژە بە موژگان کاووسی و نەرگس محەممەدی و زارا محەممەدی و دەیانی وەک ئەوان بکەین کە بوێرانە لە بەرابەر دێوەزمەی کۆماری ئیسلامی ڕاوەستان و لەلایەک ویستی ڕەوای خۆیان وەک ژنێک داوا کرد و لەلایەکی دیکەوە بوونە دەنگی سەدان ژنی دیکە کە لەو چوارچێوە جوغرافیایەی کە پێی دەگوترێ ئێران، دەژین و ئەوە جیاواز نییە لە چ نەتەوە و شار و ناوچەیەک بن یان چ ئایین و ئایینزایەکیان بێ، گرینگ ئەوەیە کە ژن بن و ئەوە کەفایەت دەکا بۆ ئەوەی خۆفی ئەوەیان لەسەردا بێ پایەکانی حکوومەتەکەیان بلەقێنێ بۆیە تاقەتیان نەما و بە بیری ئەوەی کە داخوا مست لە ویستەکانیان دەکێشن دەستبەسەر و زیندانییان کردن.

نموونەیەکی بەرچاو کە لەو ژنانەی لە ساڵانی ڕابردوودا بەرچاو بووە خاتوو زێنەب جەلالیان بووە کە لە دوای دەستگیرکردن و زیندانیکردنی هەتا ئێستا سێ جار هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری بەڕێوە چووە و بە هۆی بەربوونەوەی فڕۆکەکەی ئیبراهیم ڕەئیسی و کوژرانی ئەو سەرۆککۆمارە ئێستا لە بەرەبەری هەڵبژاردنی ناوەختەی سەرۆککۆماری یانی چوارەمین هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری دان. تەنانەت دوای ئەو هەموو ماوەیە مافی چاوپێکەوتنی پێ نادرێ چونکە لەوە دەترسێن کە نەخوازا دەنگی بگا بە کەسانی دیکە و بیری زێنەب جەلالیان ببێتە هۆی ئەوەی سەد هێندەی وەک خۆی درووست بێ.

گۆڕانکارییان لە ئێران ئەوەندە خێرایە کە زۆر شت دوور لە چاوەڕوانییە بۆ ئەوەی بەسەر خەڵک دێ و ئەو خەونە دزێوەی حکوومەت بۆ خەڵکی بینیوە دوور لە چاوەڕوانی نییە، پێویستە ژنان و کچانی ئەو نیشتمانە بەبیر و ڕوانگەی بەهێزو هزری دێموکراتانە بەرهەڵستی هەموو ناحەزێکی ئەو نەتەوەیە بنەوە.

ئەو ڕێژیمە نیشانی داوە هەم لە تاڵە پرچی ژینا دەترسێ و هەم لەبیر و هزری زارا و هەم لە دەنگی موژگان کاووسی و نەرگس محەممەدی. و دەیان ژنی دیکە بۆیە وەک دێوەزمە هەڵدەکوتیتە سەر ژنان بە کوشتن و گرتن و تۆقاندن هەوڵی بێدەنگ کردنیانی هەیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# یاسای گەڵاڵەی نور و

## سەپاندنی زیاتری حیجابی زۆرەملی لە دژی ژنان

دیمانە:
شاماران

**دەمانەوێ باسێک لە سەر یاسای «گەڵاڵەی نور» بکەین کە بزانین خۆدی گەڵاڵەی نور چیە و شێوازی جێبەجێکردنی یاساکانی چۆنە و هەروەها بۆچی بەتایبەتی دوای بزۆتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی مەسەلەی حیجابی زۆرەملێ لە دژی ژنان دیسان ئەوەنە بە تۆندی هاتووتە ئاراوە ، بۆ ئەم مەبەستە لە لایەن گۆڤاری «ژنان»ەوە دیمانەیەکمان لەگەڵ خاتوو شلێر مەحمودی یاسازان و ئەندامی ڕێبەری حیزب و یەکییەتی ژنانی دێموکرات و هەروەها لەگەڵ زانیار حوسێنی فەوقی لیسانس لە بواری یاسا و پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات دەبێ.**

**١- دەمەوێ لە پێشدا بەم پرسیارە دەستپێبکەم کە ئایا یاسای «گەڵاڵەی نور» چیە؟ شێوازی جێبەجێکردنی یاساکانی چۆنن؟**

**شلێر مەحموودی:**

گەڵاڵەی نوور گەڵاڵەیەکە کە لەلایەن هێزەکانی پۆلیسی کۆماری ئیسلامی ئێران دەرچووە لە ٢٥ی خاکەلێوەی ١٤٠٣ بۆ پێشگیری لە بێ حیجابی وە بەرخورد لەگەڵ لایەنەکان وە ژنانێک کە حیجاب نین یاخود بە دڵی ئەوان پۆشتە نین. فەرماندەی گشتی هێزەکانی پۆلیس «ئەحمەد ڕەزا رادان» دەڵێت ئەم یاسایە بە پاڵپشتی پەرلەمان ،دەوڵەت و دەسەڵاتی دادوەری و هاوڕێیەتی خەڵک، بەهێز و وردبینی و زیرەکیەوە درێژە بە جێبەجێکردنی گەڵاڵەی نوور دەدەین. ئەم گەڵاڵەیە لەسەر داوای ئاشکرای عەلی خامنەیی بۆ توندکردنەوەی توندووتیژی دژی ژنان دەستی پێکرد، عەلی خامنەیی بێحیجابی بە حەرامێکی شەرعی و سیاسی وەسف کرد وە لە لێدوانی جەژنی ڕەمەزان دا ڕێگەی دا بە (امران بە معروف) بە بەرەنگار بوونەوەی بێ حیجابی و ئەو کەسانەی بەها شکێنی ئاینی دەکەن. تەنها چەند ڕۆژ لە قسەکانی خامنەیی گەڵاڵەی نوور جێبەجێ کرا.

«پرۆژەی نور» کە بە واتای باشترکردنی بارودۆخی حیجابی ژنان پلانێکە کە دەستی پۆلیس و هێزە پەیوەندیدارەکانی بەڕووی ژناندا کراوەتر کردووە بۆ توندوتیژیی سەر شەقام و داگیرکردنی تایبەتمەندی و ئاسایشی ژنان لە پێدانی کەرامەتی خۆیان لە شەقام و شوێنە گشتییەکان گەیاندووەتە لوتکە.

**زانیار حسێنی**

سەرەتا لە دەسپێکدا پێم باشە باسێکی کورت لەسەر گەڵاڵەی پاکیزەیی و حیجاب بکەین کە بەهاتنە ناوی گەڵاڵەی نوور، هێندێک لە زێهنەکاندا کەمرەنگ بۆتەوە و لە نووسراوە و لێدوانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی، کەمتر باسی لێوە دەکرێ و پێموایە بە بێ باسکردن لە گەڵاڵەی پاکیزەیی و حیجاب، ناکرێ بەتەواوی و روونی باس لە گەڵاڵەی نور بکەین.

گەڵاڵەی پاکیزەیی و حیجاب لەدوای وەستانی کاری گەشتی ڕێنوێنیکەر یان هەمان ئیرشاد، ڕێک لە جەنگەی ڕاپەڕینی ژن، ژیان، ئازادی لەلایەن دەسەڵاتی دادوە داڕێژرا و دەوڵەتی ئیبراهیم رەئیسی بۆ دەسەڵاتی یاسادانەری نارد لەمەڕ هەڵسەنگاندن و پەسند کردنی؛ ئەو گەڵاڵەیە ئەو کاتە گەیشتە پارلەمانی ئەم دەسەڵاتە کە هێندێک شاری گەورە و بچووکی ئێران و زۆرینەی شارەکانی کوردستان لە ژێر ئاگری تووڕەیی خەڵکی وەزاڵەهاتوو دابوو. یەک لەم خاڵە بەرچاوانەی کە لە ناو ئەم گەڵاڵەیەدا هەیە، هەوڵدانە بۆ پێشگرتن لە تووندوتیژی لەکاتی جێبەجێکردنی ئەم یاسا و ڕێسایانەی کە بۆ ڕێکخستنی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لەلایەن دەسەڵاتەوە بەکار دەهێنرێ؛ بەم واتایە کە وەستاندنی کاری گەشتی ڕێنوێنیکەر بەم مەبەستە بووە کە ئەم سیاسەتە بە یاسایی بکردرێ و پشتئەستووری حقووقی هەبێ و ئەوکاتی ئەو تووندوتیژیانە حاڵەتی یاسایی لەخۆوە دەگرێ و ئەوەش ڕێک لە کاتی کووشتنی بە ئانقەستی ژینا ئەمینی هاتە ئاراوە. لەم گەڵاڵەیەدا لەبەرچاونەگرتنی جۆری حیجاب و پۆششی دیاریکراو بە وشەی بێرەهنێگی یان هەمان رووتی لە قەڵەم دراوە و ناوی هێنراوە و هەوڵدراوە کە کۆمەڵگە بە رواڵەت و ڕوکەشێکی یاسایی، یەکدەست و ڕێک بکرێ و هەمان کارێکە کە لەکاتی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



خۆیدا ڕەزا پەهلەوی، دەیهەویست بە پێچەوانەکەی ئەنجامی بدات؛ لە نیزامە دیکتاتۆر و تۆتالیتێرەکاندا، ڕێککردنی کۆمەڵگە لەبواری ڕواڵەت و زاهیرییەوە، یەکێکە لە ئامرازەکانی خۆسەپاندنی ئایدیای زۆردار بەسەر خەڵک و چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا.

ئەگەر بچینە ناوەرۆکی ئەم گەلاڵەیە پاکیزەیی و حیجابە، ماددە بە ماددەی جێی سەرنج و سەرسووڕمانە. بۆ نموونە ماددەی ٣ی پەسندکراوی دەڵێ کە لەم دەورە و ڕاهێنانانەی کە ساڵانە بۆ کارمەندەکان دادەنرێن، شێوەی ژیانی ئیسلامی و کەلتووری پاکیزەیی و حیجابی بگوونجێنن و هەموو ساڵێش ئەمجۆرە بەرنامانە بەڕێوەی بەرن. یان ماددەی ٨ی هەر لە پێناو پێکانی ئەو ئامانجانەی یاسادانەر، ڕێوشوێن بۆ دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی و سازمانی ڕێکلامی ئیسلامی دیاری دەکات و لە ماددەی ١٠دا بۆ وەزارەتی پەروەردە و هتد ڕێوشوێنی تایبەتی دیاری کردوە کە لە وانەکانی قووتابخانەدا بیگونجێنن و دەورەیان بۆ دابنێن. ئەگەر چاو لەم گەلاڵەیە دەکەین، ئەوەی دێتە بەر زێهن و دیدەمان زیاتر لە گەلاڵەیەکە و زۆرتر لە یەک چوارچێوەی تەواو و کامڵ دەچێ کە بۆ پازێلی ژیان داڕێژراوە؛ چوون لەم پڕۆژە گەورەیەدا کە بە گەلاڵەی پاکیزەیی و حیجاب ناودێرکراوە، هەموو ڕەهەند و بوارەکانی ژیانی تاک و بەکۆمەڵ کەوتوونەتە بەر کووتکی ئاڵوگۆڕ و هەڵوەشاندنەوەی یاسادانەر و سەرلەنوێ داڕشتن و بونیاتنانەوەی خەڵک لەسەر بنەما و بناغەیەکی فکری تەک ڕەهەندی و دیار و هەڵبژێردراو. بواری کۆمەڵایەتی، کەلتووری، ئابووری و تەنانەت چۆنیەتی بیرکردنەوەش، ئامانجی تا ڕادەیەک نهێنی و شاراوەی ئەو پڕۆژەیەیە کە چۆنیەتی جل و بەرگ پۆشین، تەنیا یەک ڕووکەشی سادە و ڕواڵەتییە و بچووکترین داواکاری ئەم کەیسەیە. هەمان پرۆژە و پلان و کارێکە کە دەسەڵاتە فاشیستەکان، دیکتاتۆڕەکان و ئیدئۆلۆژیکەکان لەسەر بنەمای بیر و باوەڕەکانیان بۆ مانەوەی خۆیان کردوویانە و دەیکەن و ئاکام و لێکەوتەکانیشی لە مێژوودا زۆرن و دیارن.

ئەم گەلاڵەی پاکیزەیی و حیجاب هەر وەک باسم لێوە کرد لە جەنگەی ڕاپەڕینی ژینادا درا بە پارلەمانی ئێران، لە بازنەی زەمەنی تاڵیادی کووشتنی بەئانقەستی ژینادا پەسند کرا و بۆ ماوەی سێ ساڵان بە شێوەی تاقیکاری، خراوەتە گەڕ و بواری جێبەجێکردنەوە؛ بەکوردی و بەکورتی یانی دەسەڵاتی ویلایی کەوتۆتە پەلەپەل بۆ قایمکردنەوەی جێ پێی خۆی لەباتی گوێدانە ویست و خواستی خەڵک و ئەوەش نەریتی هەمیشەیی ئەو دەسەڵاتە بووە هەتا ئێستا و هەر ئاواش دەمێنێ.

پلانی نوور کە لە زۆر شوێن و نووسراوە و بیستراوە بە گەلاڵەیان نێو بردوە، لە ڕوانگەی منەوە پلانە؛ بەم واتایە کە بەشێکی بچووکە لە گەلاڵەی پاکیزەیی و حیجاب و هیچ لەم گەلاڵەیە جیاواز و جودا نییە.

پلانی نوور لە ٢٥ی خاکەلێوەی ئەمساڵەوە دەس پێ کراوە و لەلایەن پۆلیسی وڵات واتە نیروی ئینتزامی بەڕێوە دەچێ؛ لەم پلانەدا هەوڵ دراوە کە لە سێ بەشی ناو بازاڕ، ناو ماشێن و شوێنەگشتییەکان بەڕێوەی بەرن. بەم شێوەیە کە هاوکات گوشار بخرێتە سەر کۆمەڵگە بە هەردووک شێوەی تاک و بەکۆمەڵ؛ لە دەستەواژەی نیزامیدا بە گوشاری دووجەمسەری و لەم شێوەیە دەگوترێ گازئەمبووری!

ئەو پلانە دەستئاوەڵەییەکی ڕەهای بە پۆلیس و هێزە نیزامییەکانی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



سەر بە فەراجا بەخشیوە و لە ڕاستیدا بێ ڕێزیکردنە بە یاسا؛ چوون پۆلیس لەم تەرحەدا لەباتی بەڕێوەبەری پرۆسەی یاسا بێ وەک جێبەجێکەری یاسا دەردەکەوێ. ئەوەش لەبواری یاساییەوە دژی ئەرک بەرپرسایەتی هێزەکانی پۆلیسە و لەڕاستیدا بێ یاساییەکە لە ناو هەناوی یاسای ئەم وڵاتەدا؛ چوون ئەرکی پۆلیس دەسبەسەرکردن و بردنی تاوانبارە بۆ بەردەم دادگا و دادوەر نەک جێبەجێکردنی سزاکان بە پێی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی خۆی.
پلانی نوور لە ئێستادا لە زۆربەی شارە گەورەکان و لەلایەن پۆلیسەوە بەڕێوە دەچێ و لە چەن بەشی دەنگدان، غەرامەکردن، دەسبەسەرکردن و دادگایی و هتد لەخۆ دەگرێ.

**٢- دەرچوونی ئەم یاسایە بە ناوی گەڵاڵەی نور، پێتان وایە تا چەند گوشار لەسەر ژنان زیاد دەکات و چەندە توندوتیژتر دەبن بەرامبەر بە ژنان بۆ سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ؟**

**شلێر مەحموودی**

ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ مێژوو، کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لەسەرەتای دامەزرانیەوە بۆ یەکەم جارکە توندوو تیژی ئەنجام دا بەرامبەر بە ژنان بوو، ئەوە بوو لە ١٧ی ڕەشەممەی ٥٧ بڕیاریدا کە ژنان دەبێ بە حیجابەوە بێنەوە سەر کارەکانیان ئەگەرنا بۆیان نیە بێنەوە سەرکار، ڕۆژی دواتر ڕێگە نەدرا ئەو ژنانەی حیجابیان نەپۆشیوە بچنەوە سەرکار و دواتر خۆپێشاندانی هەزاران ژنی لێکەوتەوە و سەرەنجام بە سەرکەوت و توندووتیژی بۆ سەریان کۆتایی پێ هات. کەواتە کۆماری ئیسلامی بەدرێژایی مێژووی دەسەڵاتی خۆی بە هەموو شێواز و جۆرەها میکانیزمێک ژنان سەرکووت دەکات. بۆ نموونە لە دوو ساڵی ڕابردوودا لە بزوتنەوەی ژینادا لە ئێران چەندین ژن لە سێدارە دراون بە تەقەی هێزە سەرکوتکەرەکان شەهید بوون ،زیندانی کراون ،ئەشکەنجە دراون و دەدرێن ..... بێگومان ئەو گەڵاڵەیەش میکانزمێکی نوێیە و درێژەدەری پلانی» داوێن پاکی و حیجاب» ە کە بۆ سەرکوتی زیاتری ژنان داڕێژراوە و بەیاساو هێزە سەرکوتکەرەکان بەسەریاندا دەسەپێ بێگومان ئەو پرۆژەیە بەمەستی ڕێخۆشکردنی زیاتر و دەسوەردانی زیاتری ژیان و کەرامەت و ئەخلاقی خەڵکەو بەتایبەتیتر ژنان. ئەگەر بڕوانینە یاسای باری کەسی وڵاتانی دراوسێ یاخود دەوڵەتە پێشکەوتووەکان دەبینین بەیاسا خەڵک ڕادێنی بۆ کەم کردنەوەی توندووتیژی ،بەتایبەت چەند پرۆتۆکۆڵێکی یاسایی نێودەوڵەتی هەیە سەبارەت بە پاراستنی مافەکانی ژنان کە وڵاتان پێوەی پابەندن و سزای توندی لەبەرامبەر سەرپێچیکارانی داناوە. بەڵام لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بە پێچەوانەوە توندووتیژی بەیاسا ڕێکخراوە لە هەموو سێکتەرەکانی یاسای بنەڕەتی و یاسای باری کەسی وپەروەردە و تەنانەت دابونەریتی دژە ژن ،بۆیە ئەو پرۆژانەی وەک ئەم گەڵاڵەیە نامۆ نین بەنسبەت ژنانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی. بەڵام سەرەڕای هەموو هەوڵەکان بۆ سەرکوتی ژنان ،ژنان لە ئێراندا زۆر ئازایانە ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی دەبنەوە و بەئاشکرا داوی ڕوخانی دەکەن و پێی دەڵێن نا نا نا،ئەوەش دەرخەری ئەوە ڕاستیەیە کە کۆماری ئیسلامی لە هێز و پۆناسێلی ژنان دەترسێت و نایهەوێ ببنە کاربەدەست چونکە دەزانێ یەکەم ئیشیان لابردنی سەرانی ئەو دەوڵەتەیە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**زانیار حوسێنی**

گەڵاڵە یان پلانی نوور بەر لە هەمووشت، دەرخەری ئاستی ناسەقامگیری یاسا و ڕێساکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەم سەردەمەی ئێستا دایە؛ ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە هەر یاسایەک و هەر چوارچێوەیەکی دەستووری، سەردەم و کاتی هەیە. چوون یاساکان بە پێی زۆر پێوەر وەک خواستی خەڵک، داب و نەریت و کەلتوور و هتد دادەڕێژرێن و بەکار دەهێنرن؛ هەرکات ئەو حاڵەتە پێچەوانە بۆوە کێشەخوولقێن دەبێت و ئاکامی پێچەوانەی دەبێت. لەکاتی ئاوادا یاسا لەباتی ئەوەی ببێتە هۆی سەقامگیری و ئاسایشی وڵات، خۆی دەبێتە بەردی بناغەی تێکچوون و هەڵوەشانەوەی سەقامگیری و ئارامی لە وڵاتدا. لە ئێستادا ئەو دیمەنە هەمیشەییەم دێتە بەر دیدە کە ئەو دەسەڵاتە، لە پێش هەمووشتدا بێ ڕێزی بە ڕۆحی یاسا دەکا؛ یاسا بە زمانێکی سادە پارێزەری گیان و ماڵ و ژیان و ئاسایشی خەڵکە و دەبێ ببێتە خوولقێنەری بەستێنێکی لەبار بۆ پێشکەوتنی بوارە جیاواز و لێکگرێدراوەکانی ژیان و ئاسایشی خەڵک. بەڵام چوون ئەو پلانە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک لە هەموو بوارێکەوە دەخاتە ژێر چاوەدێری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی هێزە ڕاسپێردراوەکانی دەسەڵات و ئەوەش کاریگەرییەکی نەرێنی لە ڕادەبەدەری دەبێت بۆ سەر ژنان و تەنانەت بنەماڵە و پیاوەکانیش؛ ئەوەندەی ژن بە پێی ئەو پلان و گەڵاڵەیە ڕابگیردرێ، دەنگ بدرێ و لێپرسینەوەی لێ بکرێ بەهەمان ڕادەش کاریگەریی نەرێنی دەبێ لەسەر بنەماڵە و کەس و کاری ئەم ژنە. بەم واتایە کە دەسەڵات ویستوویەتی بە شێوەیەکی زۆر نەرم خەڵک بکاتە دوو بەش و بەرەوڕووی یەکدیان بکاتەوە و لەمەش زیاتر چووەتە پێش و بەم پلانە هەوڵ دەدات کە ژن بەرەوڕووی کەس و کار و ئەندامانی بنەماڵەیان بکاتەوە و گوشاری یاساییەکە بە کاتالیزۆری « با تووشی کێشە نەبین» لە پۆلیسەوە بگوازێتەوە بۆ کەس و کار و نیزیکەکانی ژن. بۆ نموونە کاتێک ژنێک کە تووشی ئەم پلانە نوورە بێ و ڕواڵەت و زاهیری ئەمجۆرە نەبێ کە لە پلانەکە باسی کراوە، تووشی دەنگدان و جەریمە دەبێ یان دەیبەن بۆ لێپرسینەوە و ئەوەش خۆی دەبێتە هۆی سازبوونی ناخۆشی و ناکۆکی لە ناو بنەماڵەدا؛ یان کاتێک بە هۆی ئەوەی ژن یان چەن ژنێک جۆری جل و بەرگپۆشینیان لەبەرچاو نەگرن و بچنە شوێنێکی گشتی، ئەم شوێنە دەنگ دەدرێ و ڕەنگە تووشی پلۆمپ و داخران بێ. یانی لێکەوتەکانی ئەو پلانە وەها ڕێکخراون کە وا نیشان بدرێ کە هەڵس و کەوت، جۆری جل و بەرگ پۆشینی ژن دەبێتە هۆکار؛ یانی گوشارێکی دوو جەمسەری ئاراستەی ژنان کراوە، هەم یاسایی و هەم کۆمەڵایەتی. لەم گوشارەدا بەدڵنیاییەوە بنەماڵە و کەسانی نیزیکی ژنانیش تووشی کێشە و گرفت دەبن و ئەلێرەدایە کە وشیاری خەڵک و بەتایبەتی پیاوان و بنەماڵەی ژنەکان دەرخەری چۆنیەتی و چەندەیی سەرکەوتوویی یان شکەستی ئەو پلانەیە.

جاران ئەگەر تەنیا گەشتێکی ڕێنوێنیکەر یان هەمان ئیرشاد بوو، دەبیندرا کە ژنان لە چوونە ئەو شوێنە گشتییانەی کە ئەم گەشتانە ڕاوەستابوون، خۆیان دەبوارد بەڵام لە ئێستادا کە پلانەکە لە درێژەی گەڵاڵەی پاکیزەیی و حیجاب دایە و بە شێوەیەکە کە هەموو جۆری ژیانی ڕۆژانە دەگرێتەوە، تەنیا ڕێگە بەرگریکردن و کۆڵنەدانە کە بۆ ژنان ماوەتەوە. یانی دەسەڵات بە زمانی بێ زمانی، ژنانی بۆ شەڕکردن بانگهێشت کردوە و ئامادەیی خۆی بەم پلان و گەڵاڵانە بەتەواوی دەربڕیوە؛ ئەوە شەڕێکی ئاشکرایە بە دژی ژن و مافی ژنان وەک هەموو مرۆڤی جیهان و دڵنیام کە گوشارەکان زۆر لەوە زیاتر دەبن کە لە ئێستادا هەن.

**٣- کاردانەوەکانی ناوخۆ و نێودەوڵەتی نیسبەت بەم گەڵالەیە چیە؟ پێتان وایە بۆچی بەتایبەتی دوای بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی مەسەلەی حیجابی زۆرەملێ دیسان ئەوەندە بە تۆندی هاتووتە ئاراوە؟**

**شلێر مەحموودی:**

کاردانەوە و نارەزایەتییەکان زۆرن بەتایبەت لە نێوخۆ و بەتایبەتی تریش لەلایەن سەرانی دەوڵەت و یاساناسان و خەڵکیش کە دەڵێن جێبەجێ کردنی ئەو گەڵاڵەیە ئیشی پۆلیس نیە و پۆلیس ناتوانێ خەڵک بگرێ و ئاراستەی دەسەڵاتی دادوەری بکا ،ئیشی پۆلیس پاراستنی سەرو ماڵ و کەرامەتی هاوڵاتیانە نەک تەداخول کردن لە پاراستنی ئەخلاق و گەرانەوەی کەرامەت بۆ کەسەکان.

محسن برهانی، پارێزەر و ئەندامی فاکەڵتی یاسای زانکۆی تاران، دەڵێت ئەو کارەی پۆلیس بە تاوان دەزانێت و دەڵێت، پۆلیس مافی ئەوەی نییە کەسێک بگوازێتەوە بۆ دەستبەسەرکردن، بارەگا، بنکە، یان کەمپ، نە بیبات پابەندبوونێک لەلایەن خەڵکەوە. پۆلیس تەنها دەتوانێت کەسی دەستگیرکراو ڕاستەوخۆ بباتە دادگا (و نەک داواکاری گشتی) بۆ ئەوەی دادوەر بتوانێت کەفالەت وەربگرێت. ئەو درێژەی پێدەدات کە دیارە هەندێک لە بڕیاردەرەکان گەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە کارێکی لەو شێوەیە نایاساییە ئەنجام بدەن، بۆیە پێشنیار دەکرێت دادوەرێک بێت بۆ ڕوونکردنەوەی تۆمەتەکان و کۆکردنەوەی ئاسایش لە بارەگای ئێستای دا. ئەم فەقێیە دەڵێت ئەوە پلانە بۆ پووچەڵکردنی سیستەمی دادوەری و دادوەرەکان، کەرامەتی دادوەر ئەوەیە کە لە دادگا ئامادە بێت و فەرمانبەران و داواکاران بێنە خزمەت دادوەر، نەک ئەوەی لە بنکەی پۆلیس جێگیر بێت بە سەیرکردنی دادوەری دادگا وەک ئامرازێک.

وە هەروەها مستەفا تاجزادە، زیندانیی سیاسی، لەم پێوەندییەدا، لە یاداشتێکدا لە زیندانی ئەوینەوە، بە توندی ڕەخنەی لە گەڕانەوەی دەورییە «نایاساییەکانی» ئیرشاد لە شێوەی «پڕۆژەی نور» گرت و جەختی لەوە کردەوە کە «نابێت کەس ناونیشانی هەڵە بدات». و بیرکردنەوەکان لابدەن» کە ئەم کارە «بە فەرمانی خامنەیی یان بە ڕەزامەندی و مۆڵەتی ئەو ئەنجامدراوە». «جگە لە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، هیچ بەرپرسێکی دیکە ناتوانێت ئەرک بە پۆلیس بسپێرێت.

کۆماری ئیسلامی بەبێ پشتیوانی یاسایی و داواکردن لە خەڵک - بە تایبەت گەنجان و لاوان کە خوازیاری ئازادی و بڕیاردانن لە شێوازی ژیانیاندا

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

– بە فشار و زۆرەملێ و سەرکوت و سووکایەتیکردن و لێدانی ژنان و جل و بەرگیان لێ بکەنەوە. هەر یەک لەو پلانانە کەلێنی نێوان خەڵک و ئەم دەسەڵاتە زیاتر دەکات و وەک بۆمبێکی کاتی مامەڵە دەکات. شارەزایان لە یاساکەدا ئەوەیە کە بڕیاردان و جێبەجێکردنی پلانەکانی وەک ئەم پلانە لەدەرەوەی دەسەڵاتی پۆلیسە، پۆلیسیش تەنانەت ڕێگەی پێنادرێت هۆشداریی زارەکیش بدات. پۆلیس ژیان و ماڵ و شەرەفی خەڵکی کۆمەڵگا دەپارێزێت و ناتوانێ بە شێوەیەکی نایاسایی دەستدرێژی بکاتە سەر ژیانی تایبەتی خەڵک. کۆماری ئیسلامی بەردەوام لەلایەن دەوڵەتانەوە سەرکۆنە دەکرێ لەسەر پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ و بەتایبەتیش مافەکانی ژنان،ئەوەتا لەسەر ئەکارە نارەوایانەی لە کۆمسیۆنی پێگەی ژن لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دەرکرا هەرچەندە وەرگرتنیشی نارەوا بوو، وەبەردەوام سزای دەخرێتەسەر و بە تیرۆست پەروەر ناوی دەبەن و دەیناسێنن بەڵام لەبەر ئەوەی جارنامەی مافەکانی مرۆڤ هێزێکی گەورەی ئیجبار کەری لەپشت نیە ناتوانن ئێران ئیجبار بکەن بۆ جێبەجێکرنی دەقی یاساکان. بۆیە ئێران زۆر بێ شەرمانە و بەکەیفی خۆی یاسا و گەڵاڵە دادەرێژێ بۆ سەرکوتی زیاتری ژنان بەتایبەت دوای بزوتنەوەی ژینا چونکە هەروەک لەسەرەتاوە وتم ئێران هەمیشە لە توانا و هێزی ژنان ترساوە بۆیە هەردەم هەوڵی سەرکوتیان دەدات و بەردەوامیش میکانیزمی نوێ دێنێتە گۆڕێ، کۆماریێ ئیسلامی لە دوو ساڵی ڕابردوودا دیتی ژنان دەوڵەتەکەی دێننە لەرزە و داوی ڕوخانی دەکەن و هەڵکرنی سەرپۆشەکانیان بەدارێکەوە کردە هێمای بزوتنەوەکەیان وە هەروەها بینی کە ژنان لەپێناو وەدەست هێنانی مافەکانیان گیانی خۆیان دەکەنە قوربانی و سڵ لە دەسەلاتی کۆماری ئیسلامی ناکەنەوە بۆیە ئێران هەمیشە لە ڕێگای نوێ دەگەڕێ بۆ سەرکوتیان.

**زانیار حوسێنی:**

کاردانەوەکانی ناوخۆ هەتا ئێستا پۆزەتیڤ بووە بەڵام دیسان کەمە؛ ئەگەر چاو لێ بکەین هەر جار نا جارێک لە زانکۆیەک، لە ناوچەیەکی شارە گەورەکان وەک تاران یان شوێنە ئیدارییەکان، شەپۆلێکی توند بەرێوە دەبەن و چاوەڕێی کاردانەوەی خەڵک دەبن. بەم مانایە کە ئەوان بە پێی کاردانەوە و وڵامدانەوەی خەڵک پلانەکانیان ڕێک دەخەن و جێبەجێ دەکەن و بەرەو پێشێ دەبەن؛ هەموو هەوڵیان ئەوەیە بە کەمترین تێچوو و بە زووترین کات و مەودا لە ناو دڵی شەقامەکاندا دەسەڵاتی تەواو بۆخۆیان بگەڕێننەوە و مسۆگەری بکەن. چوون کاربەدەستانی تاران لەدوای ڕاپەڕینی ژینا بە کۆدی ژن، ژیان، ئازادی بەتەواوی مەترسی ڕووخانیان لێ نیشت و لە ڕوانگەی ئەوانەوە، کوردستان هێما و نموونەیەکی خراپە بۆ سەرانسەری ئێران؛ بۆیە بە پەلە و بە بێ فەوتاندنی کات، ئەو گەڵاڵەیەی پاکیزەیی و حیجابیان داڕشت، پەسندیان کرد و بە پۆلێنبەندی و پلانەوە، خستوویانەتە بواری جێبەجێکردنەوە. دەسەڵاتی تاران تەنیا لایەنگرانی خۆی بۆ گرینگە و جگە لە لایەنگران و ئەندامانی سیستەمی دەسەڵاتداری خۆی، کەسی تر نابینێ و هەر بۆیە هەتا بازنەی لایەنگران و ئەندامانی بچووکتر دەبێتەوە، زیاتر دەست دەداتە پوواندان پێیان. ئەم پووان و ئیمتیازانەش بە پارە بەخشینەوە، لێخۆشبوونی ئیداری، زیاتربەشداری پێکردنیان لە دەسەڵات و پەسندکردنی یاسا و ڕێسا لە پێناو دابینکردنی خۆراکی دەروونی، فکری و ئەمنی و مەیدانی ئەوانە؛ بۆیە گرینگە کە خەڵک بە شێوەی گشتی و بەکۆمەڵ بەرامبەر چکۆلەترین هەنگاوەکانی پۆلیس و جێبەجێکەرانی ئەم گەڵاڵە و پلانانە بوەستن و بۆیەش وشەی خەڵکم هێنا کایەوە چوون هەر وەک کووتم پێموایە پیاوانیش بە هەمان ڕادەی ژنانەوە دەبێ هەست بە مەترسی بکەن و وێڕای ژنان و لەپەنا ئەوان بەرەوڕووی ئەمجۆرە گەڵاڵە و پیلانانە ببنەوە.

بەڵام لە ڕوانگەی دەرەوە دەتوانم بڵێم کە دەرەوە هەر وەک پێشوو و هەر وەک ساڵانی ڕابردوو و بەتایبەتی هەر وەک ڕاپەڕینی ژینای، چاو لە خەڵک دەکات و دەڕوانێتە خەڵک؛ هەرچەند لە کایەی سیاسی و ئابووریدا، کۆماری ئیسلامی ئامادەیە هەموو تێچوویەک بدات بۆ ئەوەی بتوانێ دنیا بەتایبەتی ڕۆژاوا بێدەنگ یان لانیکەم وەک چاوەدێر و بێلایەن ڕاگرێ. بەڵام لە شوێنێک و لە جێیەک و لە کاتێکدا ئیتر، بیروڕای گشتی خەڵکی خۆیان لێیان قبووڵ ناکەن و لەبەر ئەوانیش بێ بەناچار دەبێ ودەنگ بێن؛ هەر وەک لە شۆڕشی ژینادا وەدەنگ هاتن و هەرچەند لە بواری کردارییەوە زۆر لاواز دەرکەوتن بەڵام هێندێک هەنگاوی جیدییان هەڵێنایەوە. بۆیە دەبێ ئەوەمان لەبەرچاو بێ کە هیچکات، هیچ وڵات و هیچ نەتەوەیەک، لەخۆمان زیاتر خەمخۆری خۆمان نییە و ئیمە کاتێک دەبێ چاوەڕێی گۆڕین یان گۆڕانی بیروڕای وڵاتان لە ئاستی نێودەوڵەتی و زۆر بەربڵاودا ببین کە قوورسایی ویستی سیاسی ئێمە، لانیکەم هاوتەریب لەگەڵ قوورسایی ویستی ئابووری و توجاری ئەوان بێتەوە. بەم مانەیە کە ناچار بن داهاتووی ئەمجۆرە وڵاتانە و ئەمجۆرە میللەت و مرۆڤانە لەبەر چاو بگرن و بە ڕوونی بۆیان شی بکرێتەوە کە چاوداخستن و بێدەنگبوون بە شێوەی کرداریش ئاست و چوارچێوەیەکی هەیە.

**٤– وەک کۆتا پرسیار دەمەوێ ئەوەش بزانم کە کاردانەوەکانی خۆدی ژنان بەرامبەر بەم گەڵاڵەیە چۆنە؟ چۆن بەروڕووی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەبنەوە؟**

**شلێر مەحموودی:**

ژنان لە ئێران و بەتایبەت ژنانی ڕۆژهەلاتی کوردستان هەمیشە ئامادە ولەسەرپێن بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی هەر پەرچەکردارێکی کۆماری ئیسلامی، نەک ئەوە گەڵاڵەیە ئەگەر کۆماری ئیسلامی دەیان گەڵاڵەی هاوشێوە دەربکا ناتوانێ حەزی سەربەستی و وەدەستهێنانی مافەکان لە ژنان دا بکوژێ بەڵکو لەگەڵ دەرکردنی هەر یاساو گەڵاڵەیەک ژنان بە گوڕو تینێکی زیاتر دژی دەجەنگن و بەرهەڵستی دەکەن .کۆماری ئیسلامیش باش ئەو ڕاستیە دەزانێ، وە لە بزوتنەوەی ژینا دا ئەوەی بە باشترین شێوە بۆڕوون بۆتەوە چونکە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ژنان ڕێبەر و پێشەنگی خۆپێشاندانەکان بوون و دەنگی خۆیان بەدونیا گەیاند تا وەرگرتنی خەڵاتی ساخارۆف و خەڵاتی ئاشتی نۆبڵ کە دوو خەڵاتی جیهانین. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە ژنانی ئێران و کوردستان شایانی باشترین خەڵاتی جیهانن وە قوربانی زۆریان لە پێناو بەدەستهێنانیان دا دراوە و دەدرێ.

لەکۆتاییدا دەڵێم ژنانی ئێران و کوردستان چاوەڕێی دەرفەتن و لە هەر دەرفەتێکدا وەکوو بۆمبێک بە ڕووی کۆماری ئیسلامیدا دەتەقنەوە . بۆیە هیواخوازم خەباتە ڕەواکەیان هاوشێوەی وڵاتانی پێشکەوتوو بە پشیوانی هەموو لایەک سەرکەوێ.

**زانیار حوسێنی:**

پێموایە ئەم پرسیارە وەک ڕاپرسییەکی گشتی لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و میدیاکانی بەردەست دەبێ ئەنجام بدرێ بۆ ئەوەی بتوانین بە پێوەر و ڕادەیەکی دروست و گونجاو، کاردانەوەی ژنان بەرامبەر بەم گەڵاڵە و پلانانەی دەسەڵاتی خۆسەپێنی تاران ڕوون کەینەوە و بیخەینە بەرچاو؛ ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ ئەوەی بتوانین کاردانەوەی کۆمەڵگە یان نیوەی کۆمەڵگە بەرامبەر بە کردەوە و بڕیارێک هەڵبسەنگێنین، پێویستیمان بە هێندێک کەرەستەیە کە یەک لەوان ڕاپرسی و کۆکردنەوەی بیروڕای گشتییە لە هەمبەر بابەت و پرسەکان بە تایبەتی پرسی ئاوا هەستیار و ناسک. لە ئێستادا بە هۆی فیلتەرینگی بەهێزی سەر میدیاکان و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەلایەن تارانەوە، بەداخەوە لە بەکارهێنانی تەواو و دروستی ئەو کەرەستەیە بێبەشین بەڵام دەکرێ پشت بە پێوەر و کەرەستەی تر وەک ڕابردوو ببەستین و چاو لەو بەشە لە مێژووی تێکۆشانی ژنان بکەین کە لە حاڵەت و دۆخی ئاوا نیزیکە؛ بەخۆشییەوە لەبواری بەڵگەمەندبوونەوە، دۆخی ئاوا لە ئەم جوگرافیایەدا کەم نەبوە و دەکرێ کەڵکی لێ وەرگیرن و لە هەمانکاتیشدا دەبێ بڵێم بەداخەوە کە حاڵەت و دۆخی ئاوا زۆر بوون لەم جوگرافیایەدا و بەم حاڵەشەوە دەسەڵاتی ڕووخاوی پەهلەوی هەتا کۆتا هەناسەکانیشی وانەیان لێ وەرنەگرت و دەسەڵاتی ئێستای کۆماری ئیسلامیش هەروا.


ژنان لە درێژەی لانیکەم سەد ساڵی ڕابردوودا بە شێوازی جۆراوجۆر تووشی ئازار و پیلان و توندوتیژی بوون لەلایەن دەسەڵاتی تارانەوە و لە زۆربەی ئەم بەرەوڕووبوونەوانەشدا، کاردانەوەی ژنان بە شێوەی بەرگریکردن، وڵامنەدانەوە و ڕەچەشکێنی و هێندێکجاریش ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ بووە و هەتا ئەو جێیەی بۆیان کرابێ و بۆیان لوابێ، پاشەکشەیان نەکردوە و دەستیان لە هەڵبژاردنەکانیان بۆ هەموو بەشەکانی ژیانیان بەشێوەی ڕۆژانە و درێژخایەن هەڵنەگرتوە. لە تەمەنی چل و چەن ساڵەی دەسەڵاتی ئەمجارەی تارانیش، بەڕوونی دەبینین و ئاشکرایە کە ژنان بە شێوازی جۆراوجۆر و لەڕێگەی جیاوازەوە، هەموو هەوڵ و توانای خۆیان داوە کە سیاسەتەکانی ڕژیم سەرکەوتوو نەبێ و تووشی شکەست یان تەنگ و چەڵەمەی زۆر ببێتەوە. شۆڕشی ژینا دەرخەی لووتکەی ئیرادەی ژنان بەتایبەتی ژنی کورد بوو لە هەمبەر سیاسەتە دژەمرۆیی و دژەژنی کۆماری ئیسلامی و ئەوەی لە ئێستادا کۆماری ئیسلامی بە هەڕەشە بۆ سەر خۆی دەزانێ، نە کەلتووری ڕۆژاواییەکانە و نە میدیاکانی دژبەر بەڵکوو ئەو ژنانەن کە لە نێوخۆی وڵات دەژین و دایکن و خووشکن و کچن و لە بازاڕ دان و کار دەکەن یان لە ماڵەوەن و خانەدارن؛ پرچی ژن لە دەسەڵاتدارانی تاران بۆتە مۆتکە و شەوانە خەونی پێوە دەبینن کە وەک پەتی سێدارە لە ملی دەسەڵاتیان هاڵاوە و خەریکە دەیانخنکێنێ. بە لەبەرچاوگرتنی دەستپێکی ئەو پیلان و گەڵاڵانە لە بواری جێبەجێکردنەوە کە لە کۆتاییەکانی خاکەلێوەی ئەمساڵەوە دەستی پێ کردوە، من پێموانییە ئەمجارەش دەسەڵاتی تاران بتوانێ، ویست و خواستی خۆی بسەپێنێ و ژنان لەم بەشەشدا بە خۆڕاگری ئەو ویست و خواستە تۆتالیتێرانەی دەسەڵات تێکدەشکێنن و لای دەدەن.

هەروەک دەبینین لە ئێستادا، جۆری جل و بەرگ پۆشینی ژنان لەگەڵ بەر لە ڕاپەڕینی ژینا بەتەواوی جیاواز بوە و ئەم جیاوازییە گەیشتۆتە ئاستی تەواو پێچەوانەی سیاسەتە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکانی دەسەڵاتی تاران.

ئەوە گرینگە کە زۆرجار لەم ماوەیەدا دیتراوە کە ژنانێک لە بواری بیرکردنەوە هەتا ڕادەیەک لە دەسەڵات نیزیکن بەتایبەتی لەبواری ئایینزاییەوە، بەتووندی ڕەخنە لەم هەڵس و کەوت و پلانانەی ڕژیم دەگرن و دەڵێن کە ژنانیش وەک پیاوان و وەک مرۆڤ، مافی ئەوەیان هەیە خۆیان هەڵبژێرن کە چۆن لە کۆمەڵگە و لە دەرەوەی ماڵێ دەرکەون؛ ئەوە خاڵێکی زۆر بەهێز و گرینگی تێدایە کە نە سیستەمی ڕووخاوی پەهلەوی تێیگەیشت و نە سیستەمی زۆرداری ئێستا تێیدەگا.

ژنان نە حیجابیان دەوێ نە بێ حیجابی؛ ژنان وەک مرۆڤ ئازادی و مافی هەڵبژاردنی سەربەستانەیان دەوێ لە بوارە جیاوازەکانی ژیانیاندا. ئەوەندەی کە مێژووش شایەتی دەدات بۆ ئەم مافەیان زۆربەی هەرە زۆری کاتەکان شەڕیان کردوە و لە بەرامبەر دەسەڵاتی زۆرداردا وەستان؛ هەر ئێستا بە دەیان ژن کە چالاکی سیاسین، چالاکی مەدەنی و کۆمەڵایەتین ئەوە لە بەندیخانەکانی ڕژیم دان و زۆر ژنی دیکەش ڕۆژانە بەرەوڕووی هەڕەشە و تۆقاندن و ئازاری هێزە سەرکوتکەرەکانی دەسەڵات دەبێتەوە. بەڵام ئەوەی کە دیار و بەرچاوە، بەرزبوونەوەی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژەی زیاتری ئەمجۆرە ژنانەن لە ناو کۆمەڵگەدا و ئەوەش بەم مانایەیە کە ژنان لە بەرامبەر سەرکووت و ئازار و ئەشکەنجە و ویستە ناڕەواکانی دەسەڵاتی تاران ملکەچ و بێدەنگ نابن و لەبەرامبەردا بە هەموو تواناوە و لە ڕێگەی جۆراوجۆر، بە شێوەی ڕۆژانە و چۆنی بۆیان بلوێ، هەوڵ دەدەن کە ویست و خواستە ڕەوا و مرۆییانەی خۆیان جێگیر بکەن؛ هیوادارم لەم ڕێگەیەدا بابەکان، براکان و هاوژینەکانیان زیاتر لە جاران شان بە شانی ئەوان لە مەیدانی بەربەرەکانی و تێکۆشان دابن و نەهێڵن بە زەوتکردنی هەرچی زیاتری مافی نیوەی کۆمەڵگە، زیاتر لە ڕابردوو مافەکانی ئەوانیش بکەوێتە ژێر پۆتینی پاسدارەکان.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ئاسۆ مینبەری

# تۆتالیتاریزم لە نێوماڵەکاندایە!

**محەممەدحوسێن تاهیری، بەرپرسی ستادی «امر بە معروف و نهی از منکر»ی ڕێژیم باسی لە بەڕێوەبردنی خولێک لەژێر ناوی «گەڵاڵەی عیفاف لە ماڵەوە» بە مەبەستی پڕوپاگەندە لەنێو ماڵەکان و لە چوارچێوەی بنەماڵەکاندا کردووە بەڵام خاڵی جێی سەرنج لەم خولەدا ئەوەیە کە ڕایانگەیاندووە: هەوڵ دەدرێت ئەو کەسانەی کە خولەکە تێدەپەڕێنن لە کۆتاییدا ببنە چالاکی دینی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی!**

لە پێناسەی دەسەڵاتە دیکتاتۆر و تۆتالیترەکاندا و بۆ جیاکردنەوەیان لە یەکتر پێناسەیەکی باو هەیە کە دەڵێ، دەسەڵاتی دیکتاتۆر هەتا بەر دەرکی ماڵەکەت دێت بەڵام دەسەڵاتی تۆتالیتەر دێتە نێو ماڵەکەتەوە!

ئەم پێناسەیە ئەگەر سەبارەت بە ڕێژیمی ئێران چاوی لێ بکرێ، پێناسەیەکی پڕ بە پێستە، چونکە کۆماری ئیسلامی هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە ڕێژیمێکی دیکتاتۆرە، دەسەڵاتێکی تۆتالیتەریشە کە تایبەتیترین لایەنەکانی ژیانی خەڵکیشی کردووە ئامانج و دەستێوەردانیان تێدا دەکات.

نموونەی بەرچاوی ئەم دەستێوەردانە، پرسەکانی حیجاب و منداڵبوونە کە ڕێژیم بەپێی سیاسەتەکانی خۆی لە چوارچێوەی سیاسەتی حیجاب و عیفاف و حەشیمەتدا، دەستێوەردانیان تێدا دەکات و هەرجارەو بە جۆرێک خەڵک ناچار دەکات کە گوێڕایەڵی بڕیاراتی بن و پرسی ڕەچاوکردنی حیجاب و منداڵبوون و نەبوویان لەسەر خواستی دەسەڵات و ناوەندە پێوەندیدارەکانی ڕێک بخەن.

هەر لەم ڕۆژانەدا بوو کە دوو پاسداری سەر بە سپای پاسدارانی ڕێژیم بە دەربڕینی نیگەرانی لە پیربوونی حەشیمەتی ئێران، خوازیاری زۆرکردنەوەی ڕێژەی حەشیمەتی وڵاتەکەیان بوون.

پاسدار حوسێن سەلامی، فەرماندەی گشتیی سپای پاسدارانی ڕێژیم لەمبارەوە ڕایگەیاند: ئەگەر نرخی گشتیی حەشیمەت بەرز نەبێتەوە، کۆمەڵگە پیر دەبێت و کۆمەڵگەی پیریش مەحکوومە بە نەمان. ناوبراو کۆمەڵگەی پیری بە کۆمەڵگەی خەمۆک ناو بردووە و ڕایگەیاندووە کە ئەم پیرییە دەبێتە هۆی خەمباربوون و بەم شێوەیە هەم خەساری زیاتری بەر دەکەوێ، هەم زوو تێک دەشکێت.

لەلایەکی تریشەوە، پاسدار محەممەدڕەزا نەقدی، جێگری هاواهەنگیی سپای پاسداران ڕایگەیاندووە کە ٢٠ لەسەدی هاوسەرەکان ناتوانن منداڵیان ببێ و هۆکاری ئەمەش بەرزبوونەوەی تەمەنی هاوسەرگیرییە. ناوبراو وتوویەتی: بە پیربوون و کەمبوونی حەشیمەت، یەکێک لە فاکتەرەکانی هێز لەدەست دەدەین.

لەلایەکی تریشەوە، محەممەدحوسێن تاهیری، بەرپرسی ستادی «امر بە معروف و نهی از منکر»ی ڕێژیم باسی لە بەڕێوەبردنی خولێک لەژێر ناوی «گەڵاڵەی عیفاف لە ماڵەوە» بە مەبەستی پڕوپاگەندە لەنێو ماڵەکان و لە چوارچێوەی بنەماڵەکاندا کردووە بەڵام خاڵی جێی سەرنج لەم خولەدا ئەوەیە کە ڕایانگەیاندووە: هەوڵ دەدرێت ئەو کەسانەی کە خولەکە تێدەپەڕێنن لە کۆتاییدا ببنە چالاکی دینی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی!

ئەم بابەتانەی کە لە سەرەوە باس کران نموونەی ئاشکرای هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ سەپاندنی سیاسەتەکانی خۆی بەسەر خەڵکدایە. سیاسەتێکی شکستخواردوو کە هەرچی زیاتر کات تێپەڕ دەبێت، ئاسەوارەکانی زیاتر بەرۆکی خودی دەسەڵاتەکە دەگرێتەوە.

هەر لەم پێوەندییەدا لە قسەکەی محەممەدڕەزا نەقدیدا کە دەڵێ بە پیربوون و کەمبوونی حەشیمەت، یەکێک لە فاکتەرەکانی هێز لەدەست دەدەین، تێدەگەین کە ئامانجی سەرەکیی ڕێژیم لە بردنەسەرەوەی حەشیمەت نەک خەمخواردن بۆ پیربوونی پێکهاتەی کۆمەڵگە بەڵکوو کەمبوونەوەی هێزی لاوە، هێزێک کە ڕێژیم دەیهەوێ بیخاتە چوارچێوەی پەرەدان بە ئیدئۆلۆژییەکەی خۆیەوە و لە ڕاستیدا نیگەرانی ئەوەیە کە هێزی لاوی بۆ بو کوشتدان لە ڕاستای ئاژاوەنانەوە و هەناردەکردنی شۆڕشەکەی بۆ وڵاتانی دیکە لەبەر دەست نەمێنێ.

هەروا کە ئاماژەی پێ کرا، یەکێک لە فاکتەرەکانی ناسینەوەی دەسەڵاتی تۆتالیتەر هەر ئەو دەستێوەردانەیە کە لە ژیانی تاکەکەسیی مرۆڤەکاندا دەیکات و ئیزن بە خۆی دەدات کە بچێتە نێو تایبەتیترین لایەنەکانی ژیانیانەوە و کاریگەریی لەسەر ڕوانگە و بڕیارە گرینگەکانی ژیانیان هەبێت.

پرسی حیجاب، پرسێکی تاکەکەسییە و دەچێتە چوارچێوەی ئازادییە تاکەکەسییەکانەوە کەوابوو کەس بۆی نییە لەم پرسەدا دەستێوەردان بکات و ئەوەندە زێدەڕۆیی بکا کە بە هۆی لەدەرەوەبوونی چەند تاڵە قژ، هەموو چەشنە توندوتیژییەک بەرانبەر بە ژنان و کچان بنوێنێ نەکا پیاوانی پەروەردەکراو بە ئیدئۆلۆژییە چەقبەستووەکەی تووشی گوناهی کەبیرە ببن و لە حووریەکانی بەهەشت بێبەری بن!

بەڵام پرسی منداڵبوون، یەکێک لەو پرسە گرینگانەیە کە دەتوانێ لایەنی جیاوازی هەبێت، بۆ نموونە فاکتەری ئابووری، باری دەروونیی هاوسەرەکان، ئەمنییەتی کۆمەڵگە، شوێنی ژیان و زۆر فاکتەری تر هەن کە دەتوانن لەسەر ئەم بڕیارە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەبێت.

بەڵام دوو فاکتەر هەن کە ئێستا لە کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتیدا لەمبارەوە دەور دەگێڕن، یەکیان پرسی ئابوورییە و ئەوی تر پرسی ئەمنییەت و دۆخی گشتییە.

پێویستە ئەوەش بگوترێ کە لە

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




ئێستادا و بەم هەموو گرانییەوە کە هەیە رەنگە پرسی ئابووری بۆ ژمارەیەک لە خەڵک وەکوو کێشە چاوی لێ نەکرێت بەڵام بەتایبەت لە دوای شۆڕشی ژیناوە، پرسی ئەمنییەت و دۆخی گشتیی کۆمەڵگە بووەتە فاکتەرێکی زۆر گرینگ و رەنگە یەکلاکەرەوەش.

بەو مانایە کە کاتێ هاوسەرەکان لە داهاتوو و ژیانی خۆیان دڵنیا نین و نازانن کە چ رووداوێکی دیکە و کەی دەتوانێ کۆمەڵگە بخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە و رێژیم بەرانبەر بەم جۆرە رووداوانە چۆن هەڵوێستی توندتر و دڕندانەتر بۆ سەرکوت لەبەر بگرێت، کەوابوو بڕیاردان بۆ هێنانە دونیای بوونەوەرێکی دیکە بە کاری بێهۆ دەزانن و پێیان باشترە لەو دۆخە سەخت و ئاسۆ ناڕوونەدا، تەنیا بەرپرسایەتیی ژیانەکەی خۆیان لە ئەستۆ بگرن.

خاڵی گرینگ لەم پرسەدا هەر ئەوەیە کە بە دەسپێکی نارەزایەتییەکان لە ساڵەکانی رابردوودا و بە دیاریکراوی پاش نارەزایەتییەکانی ١٣٩٨ و دواتریش نارەزایەتییەکانی ١٤٠١ و دەستپێکردنی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی، رێژیم هەستی بە مەترسییەکی زۆرتر کرد، لەلایەک کۆمەڵگەیە کە بەرهەڵستی بووەتەوە و لەلایەکی دیکەوە نەبوونی هێزی پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوە.

ئەوەی راستی بێ، نەوەی نوێ بەتایبەت لە کوردستان – هەر ئەو جیلەی کە کۆماری ئیسلامی ساڵانێکی زۆر هەوڵی پەروەردەی ئیدئۆلۆژیکی دابوو- بە پێچەوانەی باوەڕ و خواست و چاوەڕوانیی دەسەڵات، پشتی لەم رێژیمە کرد و ئامادە نەبووە بەشێک لە سەرکوتکاری و توندوتیژژیەکانی رێژیم دژی خەڵک بێت.

نەوەی نوێ بەتایبەت کچان و ژنان لە کوردستان بە تێگەیشتنی دروست لە چییەتیی رێژیم، هیچکات نەبوون بە بەشێک لەو رێژیمە و نیشانیان دا کە هیچکات ملکەچی بڕیارەکانی نابن، هەر ئەم تێگەیشتنەش وای کردووە

**کچان و ژنان لە کوردستان بە تێگەیشتنی دروست لە چییەتیی رێژیم، هیچکات نەبوون بە بەشێک لەو رێژیمە و نیشانیان دا کە هیچکات ملکەچی بڕیارەکانی نابن، هەر ئەم تێگەیشتنەش وای کردووە کە زۆربەی ژنان و کچان بە نەهێنانە دونیای منداڵ، هەوڵەکانی رێژیم بۆ کەڵکئاوەژوو وەرگرتن لە خەڵک و بەتایبەت لاوان بێ ئاکام بهێڵنەوە**

کە زۆربەی ژنان و کچان بە نەهێنانە دونیای منداڵ، هەوڵەکانی رێژیم بۆ کەڵکئاوەژوو وەرگرتن لە خەڵک و بەتایبەت لاوان بێ ئاکام بهێڵنەوە.

ئەم چەشنە لە بەرەنگاربوونەوە جیا لەوەی کە پێشتر ئاماژەی پێ کرا نیگەرانیی بەرپرسانی رێژیمی لێ کەتووەتەوە، بووەتە هۆی بێهیوابوونی رێژیمیش، بە رادەیەک کە ئەم پرسە ئەوەندە گرینگ بووەتەوە کە تەنانەت رێبەر و سەرۆکۆماری رێژیمیش باسی دەکەن و دەیانەوێ بە کۆمەڵێک وادە و بەڵێنی بێبنەما، خەڵک فریو بدەن و پەرە بە سیاسەتەکەی خۆیان بدەن.

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، نموونەی دیار و بەرچاوی دەسەڵاتێکی تۆتالیتەری خۆسەپێنە کە لە هەموو رێگایەک بۆ بەرەوپێشبردنی ئیدئۆلۆژی و بەرنامەی خۆی کەڵک وەردەگرێ، تا ئەو رادەیە کە ئێستا هاتووەتە ژووری نوستنی خەڵک و وەک بوونەوەرێکی بێ مێشک، بێ ئاوەز و تێفکرین، دەستێوەردان لەم لایەنە تایبەتەی ژیانی تاکەکان دەکات.

پێویستە کۆمەڵگە وشیارانە لەگەڵ ئەم پرسە بەرەورووو ببێتەوە، چونکە تۆتالیتاریزم هاتووەتە نێو ماڵەکانەوە و پێویستە بە کردەوەیەکی یەکگرتووانە و بە بیر و ئەندێشەیەکی ئەمرۆییانە و زانستیانە لە ماڵەکان وەدەر بنرێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# شانۆگەریەکی دیکە بە ناوی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری



نەسرین یوسفزادە

> ئەو چوارچێوە جوغرافیایەی کە پێی دەڵێن ئێران لە یەکەم رۆژی تا ئێستا چ کاتێک کە بەدەستی پاشاکانی یەک لە دوای یەک و بە تایبەت پاڵەوی بوو چ لە رێژیمێک کە خومەینی دژە ژن دایمەزراند و تەواوی هێزە سیاسییەکانی پێشکەش بە پیاوەکان کرد شوێنێکیان بۆ ژنان نەهێشتەوە جگە لەوەی کە ئەوپەڕەکەی بتوانن بێنە سەر سندووقەکانی دەنگدان یان بۆ نوێنەری شارەکەیان خۆیان بپاڵێون کە ئەوەش فۆرماڵیتە و گاڵتەجارە. بەڵام لەنێو ئەو گاڵتەجارییەدا تمووعی سەرۆککۆماری لە مێشکی چوار ژندا هەیە

دەبێ چەندە بخایەنێ هەتاکوو ژنان لە نیزامێکی دیمۆکراتیکدا بە دەستی پیاوان بۆ پۆستێکی گرینگی دەوڵەتی وەک رێبەر، سەرۆککۆمار یان سەرۆکوەزیران و هتد... هەڵبژێردرێن؟

لە سەرەتای ئەو وتارەدا دەمانهەوێ باس لە سێزدە ژن بکەین کە لە وڵاتەکانی خۆیاندا دەستیان بە پۆستی گرینگی سیاسی و دەوڵەتی گەیشتووە و رۆڵێکی بەرچاویان لە وڵاتەکەی خۆیان هەبووە و توانیویانە لەنێو وڵاتەکەیاندا شوێندانەر بن. لە کۆتاییدا باس لەوە دەکەین کە لە ئێرانێکدا کە بە بەردەوامی لەسەر شەقامەکان ژنان و کچان لەسەر جلوبەرگ و دوو چڵ قژیان دەستبەسەر و بە تیزاب و چەقۆ و قەمە هێرشیان دەکرێتە سەر و دەکوژرێن و نەقوستان دەکرێن هەڵبژاردن و خۆ پاڵاوتنیان بۆ دونیای سیاسەت و گرینگترینیان ناونوسیی چوار ژن لە ئەو ژنانەی سەر بە خۆیانن، جا جیاواز نییە سەر بە کوێ بن و لایەنگری کام لایەنی سیاسی بن تەنیا ئەو ژنانەی جل و بەرگ و بیر و هزریان وەک خۆیانەیان قەبووڵە. تەنانەت دەکرێ بڵێین کە تەنیا جلوبەرگ ناتوانێ وڵامدەر بێ و ئەوەی گرینگە بیر و هزرە کە دەبێ وەک ئەوان بیر بکاتەوە و لە پروپاگەندەکانی خۆیان بێ. بۆیە جیاواز نییە چی دەپۆشێ، یانی هیچ جیاوازیەک لە نێوان ژنێک کە بە چارشێوەوە لە سەر شەقام هێرش دەکاتە سەر ژنان و کچان و بە بیانووی ئێرشادەوە دەستبەسەریان دەکا و ئەوەی لە وڵاتەکانی ئوروپا و ئەمریکا وەک پەرەستووی ئیتلاعاتی هەوڵی رەخنەکردن بۆ نێو ژیانی کەسایەتییەکانیان دەدا هیچ جیاوازیەکیان نییە و هەردووکیان لە خزمەتی ئەو حکوومەتەدان.

ئەو چوارچێوە جوغرافیایەی کە پێی دەڵێن ئێران لە یەکەم رۆژی تا ئێستا چ کاتێک کە بەدەستی پاشاکانی یەک لە دوای یەک و بە تایبەت پاڵەوی بوو چ لە رێژیمێک کە خومەینی دژە ژن دایمەزراند و تەواوی هێزە سیاسییەکانی پێشکەش بە پیاوەکان کرد شوێنێکیان بۆ ژنان نەهێشتەوە جگە لەوەی کە ئەوپەڕەکەی بتوانن بێنە سەر سندووقەکانی دەنگدان یان بۆ نوێنەری شارەکەیان خۆیان بپاڵێون کە ئەوەش فۆرماڵیتە و گاڵتەجارە. بەڵام لەنێو ئەو گاڵتەجارییەدا تمووعی سەرۆککۆماری لە مێشکی چوار ژندا هەیە.

یەکەمین ژن لە جیهاندا کە بوو بە سەرکۆماری وڵاتەکەی «ئیزابێل پرۆن»ـە کە لە ساڵی ١٩٧٤ دوای مردنی هاوژینەکەی «خوان پرۆن» بوو بە سەرکۆماری ئارژانتین. دوای ئەو ساڵی ١٩٤٤»ویگدیس فیتبوگادوتیر» دوای ٣٦ ساڵ هێزی سیاسی پیاوان لە ئیسلەند بوو بە سەرۆککۆماری ئەو وڵاتە. لە فلیپین دوای ٥١ ساڵ لە ساڵی ١٩٨٦ «کورازۆن ئاکینۆ» بوو بە سەرکۆماری ئەو وڵاتە و ئەو یەکەم ژنی سەرکۆمار لە کیشوەری ئاسیا بوو. لە ئیرلەند دوای ٦٨ ساڵ دەنگیان بە «مێری رابینسۆن» دا و بوو بە باشترین بەرگریکاری مافی مرۆڤ لەو وڵاتە. لە سریلانکا ساڵی ١٩٩٤ «چاندریکا کوماراتوگا» داوی ٤٧ ساڵ بوو بە سەرکۆمار. «رۆپ دریفۆس» لە سوئیس ١٩٩٩ چووە سەر کورسی سەرۆککۆماری کە تابۆیەکی زۆری لەنێو کۆمەڵگە شکاند. لە فنیاند «تاریوهالینود» لە ساڵی ٢٠٠٠ دوای ٨٣ ساڵ سەرۆککۆماری پیاوان بوو بە سەرۆککۆماری ئەو وڵاتە. لە شیلی «میچێل باچلە» لە دوو دەورە هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ساڵەکانی ٢٠٠٦ و ٢٠١٤ وەک سەرۆککۆماری ئەو وڵاتە لەلایەن خەڵکەکەی دەنگی متمانەی وەرگرت. لە لیبیا «ئێلێن جانسۆن سێرلیف» ٢٠٠٦ ساڵی بوو بە سەرکۆمار و لە کۆرەی باشوور «پارک گون هێ» ٢٠١٣ دوای ٦٥ ساڵ هێزی سیاسی لە پیاوان وەرگرت و خۆی بوو بە سەرۆککۆمار و لە ساڵی ٢٠١١ لە برزیل «دیلما روسێف» دوای ١٢٠ ساڵ سەرۆککۆماریی پیاوان بوو بە سەرکۆماری ئەو وڵاتە.

هەڵبژاردنەکان لە ئێران و ناونووسیی چوار ژن بۆ خۆپاڵاوتنی سەرۆککۆماری بابەتێکی تازە و سەیر نییە و ئەوەی کە دیارە لە ساڵانی رابردوودا و لە دەوڵەتەکانی پێشووشدا چەند جار نموونەی ئەو شانۆگەرییە بووە.

دەبێ بەراستی ئەو پرسیارە بکرێ ئایا مانای راستەقینەی رۆڵی ژنان لە سیاسەتدا تا چەندە سنووردارە؟ ئایا تەنیا بۆ دەنگدان و ئامادەبوون لە سندوقی دەنگدانە یان ئەوەی کە هەتاکوو پۆستی نوێنەر و شۆرای

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org






شارەکەی زیاتر نەچێتە پێشێ؟

ئەسڵی ١١٥ی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی باس لەوە دەکا کە کەسێک کە دەتوانی ببێتە سەرۆککۆماری ئێران دەبێ لە (رجل) پیاوانی سیاسی موسوڵمان، شیعەی ئەسناعەشەری و لایەنگری حکومەت بێ، واتە ئەو ئەسڵە لێرەدا دیسان ژنان و کەمینە نەتەوەییەکان و کەمینە ئایین و ئایینزاکان ناگرێتەوە و هیچ کام لەوانە بۆ خۆتۆمارکردن نە بۆ چواردەهەمین هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری بەڵکوو لە هیچ هەڵبژاردنێکی ئەو حکوومەتە هیچ شوێنێکیان نییە.

لە نێو ئەو ژنانەی کە بۆ یەکەمجار هەتاکوو نوێنەرایەتی مەجلیس چوونەتە پێشێ دەتوانین ئاماژە بە «ئەعزەم تاڵەقانی» بکەین کە یەکەم ژنی نوێنەری سەرۆککۆماری لە ئێرانە کە ساڵانی پێشوو بەو دروشمەی هاتبوو و دەیگوت «من هاتووم تەکلیفی خۆم لەگەڵ (رجل) پیاوانی سیاسی روون کەمەوە.

ئەو خاتوونە لەسەر ئەو بروایە بوو کە (رجل) سیاسی تەنیا پیاوان ناگرێتەوە و زۆر لە کارناسان و سیاسەتمەداران و چالاکانی سیاسی لە ئێران لەگەڵی هاوڕا بوون. ئەو خانمە دەیگوت من هاتووم تابۆیەک بشکێنم و ئەو تابۆیەش تابۆی بوونی ژنان لە نێو سیاسەتی ئێراندایە.

ئێستاش ئەوە چوار ژنی دیکە هاتوون لەو هەڵبژاردنە ناوەختەی کە بە هۆی کوژرانی سەرۆککۆماری پێشووی کۆماری ئیسلامی دەکرێ، وەک نوێنەری هەڵبژاردنەکان ناونووسیان کردبوو.

ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە حکوومەتی ئێران هەتا هەبووە لە دەستپێکەوە هەتاکوو ئێستا هەرگیز ڕێگای بە ژنان نەداوە دەست لە کاروباری سیاسیی ئەو وڵاتە وەردەن و بەشێک بن لەو کەسانەی کە لە داڕشتنەوەی سیاسەتی ئەو وڵاتە دەستیان هەیە.

**ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە حکوومەتی ئێران هەتا هەبووە لە دەستپێکەوە هەتاکوو ئێستا هەرگیز ڕێگای بە ژنان نەداوە دەست لە کاروباری سیاسیی ئەو وڵاتە وەردەن و بەشێک بن لەو کەسانەی کە لە داڕشتنەوەی سیاسەتی ئەو وڵاتە دەستیان هەیە**


ئەوە کە ڕێبەر لە سەرووی هەموانە و قسەی یەکەم و کۆتا هەر خۆی دەیکا و پۆستەکانی دیکە تەنانەت سەرۆککۆماریش تەنیا شانۆگەری و فۆرمالیتەیە شکی تێدا نییە، بەڵام ئەو ژنانە بە چ عەقڵیەتێکەوە تەنانەت بوێری ئەوەیان بووە کە بچن و خۆیان بخەنە ڕیزی بەربژێرەکانی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری وڵاتێک کە ڕێبەرەکەی نیزیک بە سەدەیەکی تەمەن هەیە و هەر ئانە کە ئیزرائیل گیانی بگرێ و ئەوە بە دڵنیاییەوە سەرۆککۆماری ئەو کات دەبێتە جێگرەوەی و ئەگەر لەو کاتەدا ژنێک سەرۆککۆمار بێ ئەوە ئەو ژنە دەبێتە ڕێبەر و ئەوە هەرگیز لەگەڵ سیاسەتێکی کە خومەینی بۆ ئەوانی بە میرات هێشتبووە یەک ناگرێتەوە.

جا هەر بەو هۆکارە ئاشکرایە سەیرە کە ئەو ژنانە بوێری ئەوەیان هەبووە تا ئەو جێگایە بێنە پێشێ کە خۆیان بۆ سەرۆککۆماری بەردژێر بکەن.

هەڵبەت هەموو ئەوانە دەکرێ شانۆیەکی خودی ڕێژیم بێ بۆ ئەوەی کە نیشان بدا کە ئەوەی لە بارەیەوە باسی دەکرێ ڕاست نییە و ژنان دەتوانن خۆیان بۆ پۆستە گرینگەکانی سیاسی بپاڵێون و تێکەڵ بە سیاسەت بن. بەڵام ئەوەی کە دیارە ئەوەیە کە دوای چوار دەیە لە دامەزرانی یاسای بنەڕەتی و بەرهەڵست بوونەوەی لەگەڵ وشەی (رجل) لە مەتنی ئەو یاسایەدا چوار ژن دێنە نێو ئەو کێبەرکێیە کە ئەوە بە دڵنیاییەوە وەک باس کرا تەنیا شانۆگەرییە بۆ هەڵفریواندنی خەڵک.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# زیاد کردنی حەشیمەت یا پێشگرتن لە سەربەخۆیی ژنان و ئازار چێشتنی منداڵان



حەسەن حاتەمی

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کە لە دەورانی ویلایەتی فەقیهی یەکەم، ئایەتوڵڵا خومەینی، کە بە ئایەتوڵڵا (مرجع) کراوی ساڵی ١٣٤٢، و دواتر لە دەورانی ویلایەتی موتڵەقەی فەقیهی دوویەم، خامنەیی بە ئایەتوڵڵا و ڕێبەر کراو، بۆ درێژەی تیئۆری «ئۆمەت سازیی و هێنانە کایەی ئێمپراتۆری سازیی شیعە» پتر لە ژێر «توسعەی تمدن اسلامی» دا، کە لەنێوخۆ دا، سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێناوە، هەر دە ساڵ جارێک هەوڵ بۆ زیاد کردنی حەشیمەت لەنێو کۆمەڵگەکانی ئێرانی دەدرێ و ناوی جۆراوجۆریشی لێدەنێن.

لە ساڵی ١٣٩١ (٢٠١٢) وە، «بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی حەشیمەت، مافی دووگیانبوونی ژنانیان سنووردار کردوە. ئەمەش دەستڕاگەیشتنی ژنان بە کەرەستەکانی پێشگرتن لە منداڵ بوون و لەبەر بردنی کۆرپەلە بە شێوەی تەندروست و بە دوور لە مەترسی بۆ ژنانی سنووردار کردوە.» هێرانا بە ئاماژە بە ڕۆڵی خامنەیی لە سەپاندنی ئەو سیاسەتە بۆ سنووردارکردنی مافی بنەڕەتی ژنان جەختی کردۆتەوە کە ئیدئۆلۆژیی ئایینی لە ئێراندا، ڕۆڵی سەرەکی لە پرسی منداڵبوونی خەڵکانی ئێراندا دەگێڕێ.

مافی دووگیانبوون

مافی دووگیان بوون بەو ماف و ئازادییە یاساییانەی سەبارەت بە دووگیانی و پاک و خاوێنی دەگوترێ کە، ڕێکخراوی پاک وخاوێنی جیهانی، مافی دووگیانبوون بەو جۆرە پێناسە دەکا: مافی دووگیانبوون لەسەر بنچینەی بەفەرمیی ناسینی مافی بنەڕەتیی تەواوی جووتەکان (زوجین) و کەسەکان بۆ بڕیاردانی ئازادانە و بەرپرسانە سەبارەت بە ڕادەی منداڵەکان و مەودای تەمەنیان لە یەک و زانیاریی کەرستەی پێویست بۆ ئەو بابەتە و هەبوونی ماف بۆ دەست ڕاگەیشتن بە ستاندارد (پێوەری چەندێتی) پاک و خاوێنی لەش و دووگیانبوون و... ئەوە مافی هەموو کەسە بۆ بڕیاردان، سەبارەت بە دووگیانبوونی دوور لە هەر چەشنە جیاوازی، زۆرە ملێ و توندوتیژی.

مافی دووگیانبوون دەتوانێ ئەو بوارانەش لەخۆ بگرێ : مافی لەبەر بردن بە دەڵەمەیی لەنێو زەگ دا، بەشێوەیی یاسایی و بێ مەترسی، مافی کۆنترۆڵکردنی لە دایک نەبوون (پێشگیری کردن لە دووگیانبوون)، مافی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتە دەرمانییەکان دووگیانبوونی باش، مافی ئامووزیش و توانای بڕیاردانی هەڵبژاردنی ئازاد و شارەزا لە دووگیانبوون دا.

هەروەها، مافی دووگیانبوون دەتوانێ بەشێک یا هەموو ئەو بەشانە بگرێتەوە: مافی پێگەیشتنی فێربوون سەبارەت بە پێشگرتن لە نەخۆشییەکانی جووت بوون، ئازادی خەساندن نەک بە زۆرەملێ، لەبار بردنی پێش کۆرپەلەیی و لە دەڵەمەیی دا، پێشگرتن و پارێزگاریی کردن لە بەرانبەر بە نوقسان کردنی لەشی مێینەکان و خەتەنەی نێرینەکان.

مافی دووگیانبوون لە ئێران

بۆ یەکەم جار لە بەیانییەی تاران لە ساڵی ١٩٦٨ (١٣٤٧) وەک ژێر کۆی مافی مرۆڤ دەرکەوت، کە تێیدا نووسرابوو: «دایک و بابەکان مافی بنچینەییان لە هەڵبژاردنی ئازادانە و بەرپرسانەی ژمارە و ماوەی نێوان منداڵەکانی خۆیان هەیە و لەو بوارە دا، مافی ئامووزیش و زانیاریی تەواویان دەبێ.»

لە کۆماری ئیسلامی دا، کە ژنان پتر بەداخەوە وەک: کەرەستەی ژیان و «خۆشی بۆ پیاوان» وەک بیر و ئیدئۆلۆژی بە دوو ژن لە بەرانبەر پیاوێک بۆ شاهیدی دان و کەمی میرات و ... هەڵسوکەوت دەکەن. بۆ ڕێبەر، سەرکۆمار، وەزیر، ماوەیەکی کورت نەبێ، ئیزنی گەشە کردن و مافی بەرانبەریان نادەنێ؛ بەڵام بۆ مانەوە لە ماڵ و فرە منداڵی، بەردەوام تەشویقیان دەکەن و ئەوە بەشە زۆر بە گرینگ وێنا دەکەن.

لە چوارچێوەی فرە منداڵی دا، بۆ زیادکردنی حەشیمەت، عەلی خامنەیی ڕێبەری ڕێژیم، لە ساڵەکانی سەرەتای دەیەی ٩٠ دا، بە ڕەخنە گرتن لە سیاسەتەکانی پێش گرتن لە دووگیانبوون و ڕێککردنی بنەماڵە و حەشیمەت، لە دەیەکانی ٧٠ و ٨٠ دا، خوازیاری حەشیمەتی وڵات لە ٧٨ میلیۆن کەس بۆ ٢٠٠ میلیۆن کەس بوو.

لە پاییزی ١٤٠٠ یش دا، شوورای نیگابان «یاسای جەوانی و حەشیمەت و بەرگری لە بنەماڵە» ی پەسند کرد کە سەرەڕای عینوانەکەی، بەرتەنگ کردنەوەی زۆری سەبارەت بە مافی دووگیانبوونی ژنان، بۆ وێنە: دەستراگەیشتن بە کۆنترۆڵی دووگیانبوون و ویستی منداڵنەبوون، قەدەغەکردنی کورپەلە لەبەربردن و بەردەوامی جیاوازیی سیستیماتیک بە دژی ژنانی بەدواوە بوو. نەبوونی ئەو مافانە کە کورپەلە لەبەربردن بە شێوەی سوننەتی و نایاسایی کۆمەڵێک مەترسیی گیانی و لەشی بۆ ژنان و لێکەوتەی قەرەبوونەکراوی بۆ ژنان هەبوە و دەبێ.

ئیجرای یاساگەلێکی بە تاوان زانینی منداڵ لەبەربردن و جیاوازیی ئەرێنی (تبعیض مثبت) بە سوودی پیاوان لە شوێنی کارکردن دا، ژنان لە ئێران لەگەڵ وەزعێک بەرەوروو دەکا کە لەگەڵ بەربەستی بەرچاو بۆ چاوەدێرییەکانی پاک و خاوێنی پێویست بە دووگیانبوون بەرەوروو بن و مافە بنچینەییەکانیان پێشێل دەکرێن.

بۆ پشتیوانی لە مافی ڕەوای ژنان

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

له بوون و نەبوونی منداڵ و پێشێلکاریی ئەو مافە لە لایەن ڕێژیمی «توتالیتێر»ی ئیسلامی سیاسی لە ماوەی بوونی پڕ ئێش و ژان و برکی سیاسی، کۆمەڵایەتیی، ئابووری و فەرهەنگی و لە ژێر پێ نرانی مافەکانی تاک و کۆ، لە پتر لە ٤٥ ساڵی ڕابردوو دا، ١٦ ڕێکخراوی مافی مرۆڤی گەلان لە ئێران، کە بریتیین لە :»کۆمەڵەی چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران، بونیادی نیرومەند، دیدەبانی مافی مرۆڤ، حاڵ وەش، ڕێکخراوی کورد پا، کەمپەینی چالاکانی بەلووچ، ڕێسانەک، ئەنجومەنی مافی مرۆڤی خەڵکی ئازەربایجان لە ئێران، ناوەندی خەبات دژی ڕەگەزپەرستی لە ئێران،هێرکانی، ئەنجومەنی مافی مرۆڤی کوردستان- ژنێڤ، میان، ئۆترایت ئینترناشناڵ، توهراو، ڕێکخراوی جیهانی دژی ئەشکەنجە، بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک داوای هەڵوێستی جیهانی بەرانبەر بە سەرکوتی ماف و ئازادییەکانی ژنان دەکەن و مافی هەڵبژاردن و تەندروستی ژنان لە پرسی دووگیانبوون و پێشێلکاریی سیستیماتیکی مافی ڕەگەزیی ئەو توێژە، لە ئێران دەکەن.

لە ساڵی ١٤٠٠ لە پێداچوونەوە بە توژینەوەیەک، کە ئاکامەکەی دەریدەخا: ئۆگرانی بە منداڵبوون لە ئێران ڕوو لە کەمبوونە و ٧٠٪ خەڵک، لەگەڵ سیاسەتەکانی حەشیمەتی دەسەڵات، موخالیفن. بە پێی ڕاپرسی «ایسپا» لە ڕێبەندانی ئەو ساڵە دا، نیشان دەدا ٢٨٪ خەڵک هەبوونی منداڵ بە بەختەوەریی نازانن و ١٢٪ی حەشیمەتیش بڕوایان بە بوونی منداڵ نییە.

ڕێژیمی ئاخوندیی، مافیایی، سپایی و ئەمنییەتی جگە لە زۆری، فێڵ وتەڵەکەی «قیلە شەرعی و تووک و دووعا» لە نێو خەڵکانی ساویلکە و نەخوێندەوار و بڕوامەندی ئایینی و نیشتەجێ لە پەراوێزی شار و لە گوندەکان دا، برسیبوون، نەداری، هەژاری، بێکاری و بێدەرتانی، کوڵبەری، سوتەمەنی بەری، کە هەموویان و زۆر بەڵای دیکە وەک: پەنا بردن بۆ ماددە هۆشبەرەکان، دزی، خۆکوژی، ژن کوژی، منداڵکوژی، لەشفرۆشی و فرۆشی ئەندامانی جەستە و ... کە لە ناکارامەیی، شەڕخوازی، مەزنیی خوازیی ئیسلامی شیعەی ویلایەتیی موتڵەقەت فەقیهی لە نێوخۆ و خوڵقانی ٧ ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ کە کارەساتەکانی جوولەکە کوژیی و دژی کردەوەی وێرانی و کوشتاری غەزەی لێدروست بووە؛ سەرەداوەکان لە لای ڕێژیمی کۆماریی ئیسلامی لە ئێرانە و ڕووداوەکانی ١، ١٣، و ١٩ی ئاوریل لەگەڵ ٧ بەرەی شەڕی دژی ئیسرائیل و دژکردەوەکانی توند و پڕخوێن و وێرانی ئەو وڵاتە و کۆژرانی هەزاران ژن و منداڵ و دەیان هەزار بریندار و کەم ئەندام و بە میلیۆنان ئاواری لێکەوتۆتەوە، کە سەرەداوی هەموویان ڕێژیمی پەت، دار و خوێنڕێژ لە زیندان و شەقامەکانە و... مەبەستی حەشیمەت زیاد کردنیشی هەر بۆ درێژەدانی ئەو شەڕانە و خوڵقانی شەڕی زۆر مەزنی دیکە لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێرانە، کە لەم دوایانەش دا کوژرانی گوماناوی ڕەئیسی جەلاد و هاوسەفەری «هێلیکۆتلێتەکە»شی لێ زیاد بووە.

دانی قەرزی بانکی بۆ هەر منداڵێک لە ماوەی ٥ هەتا ٧ساڵ دا، خەڵکانی قەرزوەرگر و منداڵ بەرهەمهێنەرەکان دەبنە توێژێکی مەترسیداردار کە نە قەرزەکانیان پێدەرێتەوە و نە پەروەردی دروستیش دەتوانن بۆ منداڵە بەرهەمهێنراوەکان، پێک بێنن و لە ئاکامدا، زۆربەیان دایک، باب و منداڵەکانیان دەبنە بارمتەی قەرزی دەسەڵات و گوێ لە مست و داردەست.

ئەوەش لاسایی کاریی بە جۆری وەبن قەرزدانە کە شێوەی چینییە لە بڕی ئەو کارە نابەجێیە لە درێژ خایەن دا.

بۆ ئەوە مەبەستە لە ساڵی ١٤٠٣ دا قەرز بۆ منداڵەکانی یەکەم ٤٠ میلیۆن تمەن بۆ ٣ ساڵ، منداڵی دوویەم ٨٠ میلیۆن تمەن بۆ ٤ ساڵ، منداڵی سێیەم ١٢٠ میلیۆن تمەن بۆ ٥ ساڵ، منداڵی چوارەم ١٥٠ میلیۆن تمەن بۆ ٦ ساڵ و منداڵی پێنجەم ٢٠٠ میلیۆن تمەن بۆ دانەوەی قەرز ٧ ساڵە، کە سەرجەم دەبێتە ٢١ ساڵ و ئەو منداڵانی لە ڕێگەی قەرز وەرگرتنەوە بە حەشیمەتی گەلانی ئێران زیدە دەکرێن جگە لە ئازار پێ چشتنی منداڵان و یا «گۆشتی بەردەمی تۆپی ڕێژیم» بۆ شەڕی ماڵوێرانکەر لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی و نێوراست و شێوەی ئۆکراین دەبن و وەک: سپای ئیسلامی شیعە بە قودس و نا قودسەوە سوودێکی ئەوتۆی بۆ کۆمەڵگەکانی ئارایی لە ئێران دا، نابێ.

سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی ڕێژیم، بە پێی ئامارێک کە لە لایەن ڕێکخراوەی تۆمارکردنی باری کەسێتی ئێرانەوە بڵاوکراوەتەوە، دەردەکەوێ کە لە ساڵی ١٤٠٢، بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ١٤٠١، ڕێژەی لە دایکبوون لە ئێران، زیاتر لە ١٧ هەزارحاڵەت کەمی کردووە. ئەوە لە حاڵێک دایە کە خامنەیی ڕێبەر، «منداڵ بوون بە یەک لە موجاهیدەتەکانی ژنان دەزانێ»، «فرزند آوری یکی از مجاهدت های زنان است».

ئەو وەزعەی لە ئێرانێ دا، کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو بۆ زیادکردنی حەشیمەتی بە زۆرەملێ وەرێیان خستوە لە دەیەی ١٩٦٦ – ١٩٧٦ دا، بە ناوی «دەستووری ٧٧٠» لە ڕێژیمی کۆمۆنیستی چاشسکۆ لە ڕۆمانی ئیجرا کرا، کە ئاکامێکی یەکجار ناخۆشی بۆ ژنان و منداڵە زۆرە ملێیەکانی ئەو وڵاتە پێک هێنا، کە پێویستە بە جیا باسی بکرێ.

ئەو ڕەوتەی لەم دوایانەدا، ڕێژیمی خوێنڕێژ و چەوسێنەر و ماف پێشێلکاری ئیسلامی سیاسی گرتوویەتە بەر، بۆ زیادکردنی حەشیمەت، دەبێتە هۆی کەمبوونی سەربەخۆیی ژنان، درێژەدان بە بەرجەستەبوونی نەخشی سوونەتگەرایی جینسییەتی و بەهێز کردنی کێشەکانی کۆمەڵایەتی. بۆیە پشتیوانی کردن لە مافی ئازادانەی دووگیانبوون بە مانای سەربەخۆیی تاکە و بەشێکە لە کەرامەتی مرۆڤایەتی.

**سەرچاوەکان:**

**ماڵپەڕی کوردستان میدیا، ٢٢ ی گوڵان/بانەمەڕی ١٤٠٣**
**صفحه جنسیت و بهداشت باروری**
**سازمان بهداشت جهانی**
**صفحه حقوق زنان سازمان عفو بین‌الملل**
**حقوق باروری و بهداشت باروری**
**سایت صدای آمریکا، محرومیت زنان ایرانی از حقوق اولیه انسانی، هشدار نهادهای حقوق بشری، نسبت به حقوق باروری، ٢٢ ی اردیبهشت ١٤٠٣**
**سایت ایران انترناشنال، ١٤٠٣/٠٢/٢١**
**گوگل**
**ویکی پدیا**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژن و ژینگە



شەونم هەمزەیی



٥ی ژوئەنی ئەمساڵ ٥٢ ساڵ بە سەر دیاریکردنی ڕۆژێک بە ناوی ژینگە لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ستۆکهۆڵمی سوئێد تێپەڕی، ڕۆژێک کە بە مەبەستی زیاتر گرینگیدانی حکوومەت و ڕێکخراوە مەدەنی و لایەنە پێوەندیدارەکان بە ژینگە دیاری کراوە.

قسە کردن لە سەر ژینگە و ژینگەپارێزی، کاری پسپۆڕان و کەسانی شارەزا لە بواری ژینگەیە. بەڵام ئەوەی منی هاندا نووسینی چەند دێڕێک سەبارەت بە کولتووری ژینگەپارێزی و ئەرک و ڕۆڵی ژنان لە دروستکردنی ئەو کولتوورەدایە.

ژینگە هەموو ئەو شتانەی سروشت دەگرێتەوە کە بەیەکەوە سیستەمی ژیان پێکدەهێنن، تاوەکوو سەرجەم زیندەوەر و گیانلەبەران بە مرۆڤیشەوە تێیدا بە ئاسوودەیی بژین و سوودی لێوەربگرن و ببێتە بەشێک لە ژیانیان، بۆیە پاراستنی لە ئەرکە سەرەتایی و گرینگەکانە. لەم ساڵانەی دواییدا زۆربوونی ڕێژەی مرۆڤ و پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی و کەڵکوەرگرتنی زێدەڕۆیانە و نادروست لە سەرچاوە سروشتییەکان، کاریگەرییان لە سەر پیسبوون و وێران کردنی ژینگە هەبووە. ئەگەر لە دنیای مۆدێرنی ئەمڕۆدا، بە هۆی مرۆڤەوە خەریکە زیانێکی زۆر بە ژینگە دەگا، ئەوە هەر مرۆڤیش دەتوانێ پێش بە وێرانی ژینگە و کارەساتە پێوەندیدارەکان بگرێت.

هەرچەندە پارێزگاریکرن لە ژینگە ئەرکی تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگەیە بەڵام ژنان لە پاراستنی ژینگەدا توانیویانە ڕۆڵی بەرچاویان هەبێت و کاریگەریی گەورە لە سەر ژینگەدا بەجێ بهێڵن. ژنان نیوەی کۆمەڵگەی جیهان پێکدێنن. کەواتە ڕۆڵیان لە پەرەسەند و پێشکەوتنی کۆمەڵگەکاندا لانیکەم دەتوانێ بە ڕادەی نیوەکەی دیکە بێ. بەڵام لە بواری ژینگەپارێزیدا دەتوانین بڵێین ژنان زۆر زیاتر لە نیوەی مرۆڤایەتی دەکرێ ڕۆڵیان لە پاراستن و ڕێزگرتن لە ژینگە و جوانییەکانی هەبێت. دیارە مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە خەبات و هەوڵدانی ژنان بۆ ئاشتی، دادپەروەری، یارمەتی بە لێقەوماوانی شەڕ و کارەساتە سروشتییەکان و پارێزگاریکردن لە ژینگە و زیندەوەران.

ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە کۆتاییەکانی ١٩٩٠ەوە، بووە بە لانکەی ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراوی مەدەنی و ناحکوومی کە گرێدراوی چالاکییە جۆراوجۆرە فەرهەنگی – کۆمەڵایەتییەکانن. لەو نێوەندەشدا دامەزراندن و پەرەسەندنی ئەنجومەنە ژینگەپارێزییەکان دیار و بەرچاو بووە، بەرادەیەک کە لە زۆربەی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێکخراو و کەسانی خۆبەخشی ژینگەپارێزی تایبەت بە خۆیان هەیە.

وەک دەزانین لە ماوەی دەسەڵاتدارییەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هەموو شێوەیەک هەوڵی لەنێوبردنی ژینگەی کوردستانی داوە، لە سووتاندنی دارستان و لەوەرگەکانەوە بگرە تا بەتاڵانبردنی ئەو سەرچاوە سروشتییانە. کۆماری ئیسلامی باش دەزانێ کە ئەو سەرچاوە سروشتییانە و هەموو ئەو نیعمەتانەی لە ژینگەی کوردستان هەن چەندە لە ڕووی ئابووری و تەندروستی و جوانکردنی ژینگەی کوردستان گرینگن، بۆیە لە هەر ڕێگەیەک بۆ لەنێوبردن و بەتاڵانبردنی خۆی نەپاراستووە.

ژینۆسایدکردنی دارستان و ژینگەی کوردستان تەنیا تایبەت بە ناوچەیەک نییە و هەموو کوردستانی گرتووەتەوە، لەنێوبردنی دارستانەکانی کوردستان پرسێکی گشتییە و هەر لە سەردەشت

**تێکۆشان و ناڕەزایەتی و نافەرمانی و خەباتی مەدەنیی ژنان لە کوردستاندا دەرخەری ئەوەیە کە ژنان ڕۆڵی بنەڕەتییان لە تواناسازی و ڕێکخستندا هەیە و سەرەڕای هەموو گوشارەکان لە لایەن دەسەڵات و کۆمەڵگەوە بە بوێرییەوە ڕیزەکانی خۆیان بەهێز کردووە و لە ڕیزی پێشەوەی هەموو جووڵانەوە و چالاکییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان دان.**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و پیرانشارەوە دەست پێ دەکات و تاکوو ئیلام و کرماشان و لوڕستان و تەنانەت خوراسانیش دەگرێتەوە، کە بە شێوەیەکی سیستماتیک و بە بیانووی جۆراوجۆرەوە سروشتی کوردستان و سامانە نەتەوەییەکان، دەکرێتە ئامانج و بۆ ڕێژیمیش جیاوازیی نییە کە کام ناوچەی کوردستان بکاتە ئامانج.

ئەرکی پاڕاستنی ژینگە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئەستۆی دەیان کەس لە خەباتکارانی ئەم بوارەیە و ساڵانە لە زۆربەی شار و گوندەکانی کوردستان کەسانی خۆ بەخش بە ورەیەکی شۆڕشگێڕانەوە ڕوو دەکەنە ژینگەکانیان و بە لە خۆبردوویی و فیداکاری و هەستی نەتەوایەتییەوە دەیان داستانی مرۆڤایەتی و ژینگەدۆستی تۆمار دەکەن و بە ئەرکی خۆیانی دەزانن و وەک خەباتێک بۆ پاراستنی ژینگە پێناسەی دەکەن. لە ڕاستیدا ڕێژیمیش زۆر باش لەوە گەیشتووە و بە زۆر شێواز ڕووبەڕووی ئەو خەباتە دەبێتەوە و چالاکانی ئەو بوارەش دەخاتە ژێر چاودێری و زەخت و گۆشار و ڕێگری لە چالاکییەکانیان دەکا، دەیانگرێ و حوکمی قورسیان بە سەردا دەسەپێنێت. هەر لەو ڕێگەیەشدا چەندین ژینگەپارێز بوونەتە قوربانی و لە کاتی پارێزگاریکردن لە ژینگە و کۆنترۆڵکردنی ئاگری دارستانەکاندا گیانیان لە دەست داوە.

ئەوەی مەبەستمە لەم پێوەندییەدا ئاماژەی پێ بکەم ڕۆڵی بەرچاوی ژنان لە پاراستنی ژینگە و بە کولتووری کردنی ئەم پرسەیە، لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا بەشداریی ژنان لە ڕێکخراو و ئەنجومەنە ژینگەپارێزییەکان زیادی کردووە، چ وەک مامۆستا و وانەبێژی ژینگەپارێزی و چ وەک شۆڕشگێڕیک بۆ پارێزگاریکردن لە ژینگەی کوردستان. ژنان شان بە شانی پیاوان و زۆر کات بگرە زیاتر لە پیاوان ڕۆڵیان لە کوژاندنەوەی ئاگری دارستانەکان هەبووە کە ساڵ نییە چەندین هێکتار لە دارستان و لەوەڕگەکانی کوردستان بە دەستی ئەنقەست لە لایەن ڕێژیم و کەسانی هەلپەرستەوە ئاگر نەدرێت. ژنان بە ئامادە کردنی خواردن و گەیاندنی کەلوپەلی پێویستی ئاگرکوژاندنەوە هاوکاری ژینگەپارێزان بوون، ژنان لە سەوزکردنی ژینگەی کوردستان و چاندنی نەمام لە شەقام و شوێنە گشتییەکان و تا بنار و لێڕەوارەکانی کوردستان جێپەنجەیان دیارە، ژنان وەک مامۆستا چ لە ماڵەوە لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیان و چ لە ڕێکخراوەکاندا، مامۆستای فێرکردن و وانەبێژی پاراستنی ژینگە بوون.

تێکۆشان و نارەزایەتی و نافەرمانی و خەباتی مەدەنیی ژنان لە کوردستاندا دەرخەری ئەوەیە کە ژنان ڕۆڵی بنەڕەتییان لە تواناسازی و ڕێکخستندا هەیە و سەرەڕای هەموو گوشارەکان لە لایەن دەسەڵات و کۆمەڵگەوە بە بوێرییەوە ڕیزەکانی خۆیان بەهێز کردووە و لە ڕیزی پێشەوەی هەموو جووڵانەوە و چالاکییە سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان دان.

**ژنان هۆکاری سەرەکیی ڕاگواستنی کولتوورەکانن و زۆرترین کاریگەرییان لە سەر نەوەکانی داهاتوو دەبێت، بەڵام بە مەرجێک لە زیان و کێشەکانی ژینگە و گرینگیی سەرچاوەکانی و چۆنییەتیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەترسییەکانی ئاگا بن**

ژنان لەبەر ئەوەی نەخش و ڕۆڵی گرینگیان لە بەڕێوەبردنی بنەماڵە، کۆمەڵگە و پەروەردە کردنی منداڵان لە خێزان و ناوەندەکانی خوێندن و ئەنجومەن و ڕێکخراوەکاندا هەیە، دەتوانن وەک هێزێکی کاریگەر، هەروەک چۆن پارێزەری منداڵ و بەها ئینسانییەکانن ئاواش دەتوانن پارێزەری ژینگە بن. تێکۆشەرانی بواری ژینگە زۆر ڕێوشوێنیان بۆ پاراستنی ژینگە گرتووەتە بەر، بەڵام ئەو کولتوورە تا ئێستا بە تەواوی جێی نەگرتووە و هیچ یاسایەکی ژینگەپارێزیش لە جیهاندا بە تەواوی نەیتوانیوە مرۆڤەکان پابەند بە پاراستن و خۆشەویستی بۆ ژینگە بکا. مەگەر ئەوەی مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە فێری ڕێوشوێن و ڕێگاکانی بکرێت. تەنیا پەروەردە و فێرکردنیشە دەتوانێ مرۆڤەکان پابەند بە یاساکان بکات. ڕێزگرتن لە ژینگە و پاراستن و خۆشەویستی بۆ ژینگە ڕەوشتێکە کە دەبێ منداڵ هەر لە سەرەتاکانی ژیانییەوە فێری ببێت. لێرەدایە گرینگی نەخش و ڕۆڵی ژنان دەردەکەوێ، ژنان هۆکاری سەرەکیی ڕاگواستنی کولتوورەکانن و زۆرترین کاریگەرییان لە سەر نەوەکانی داهاتوو دەبێت، بەڵام بە مەرجێک لە زیان و کێشەکانی ژینگە و گرینگیی سەرچاوەکانی و چۆنییەتیی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەترسییەکانی ئاگا بن.

**ژنان لەبەر ئەوەی نەخش و ڕۆڵی گرینگیان لە بەڕێوەبردنی بنەماڵە، کۆمەڵگە و پەروەردە کردنی منداڵان لە خێزان و ناوەندەکانی خوێندن و ئەنجومەن و ڕێکخراوەکاندا هەیە، دەتوانن وەک هێزێکی کاریگەر، هەروەک چۆن پارێزەری منداڵ و بەها ئینسانییەکانن ئاواش دەتوانن پارێزەری ژینگە بن**

لەگەڵ ئەوەی خەڵکی کوردستان و ڕێکخراوە ژینگەپارێزەکان سەبارەت بەم پرسە زۆربەی کات هەڵوێستییان هەبووە و لە بەرامبەر ئەو تاوانانەی کە ڕێژیم بەرامبەر ژینگەی کوردستان دەیکا نارەزایەتییان دەربڕیوە و زۆر جاریش توانیویانە پێش بە کاولکارییەکان لە کوردستان بگرن و سیاسەتەکانی ڕێژیم لەم چوارچێوەیەدا پووچەڵ بکەنەوە، بەڵام وەک دەزانین بەرنامە و پیلانەکانی ڕێژیم بۆ دەسبەسەرداگرتن و لەنێوبردن و بەتاڵانبردنی ژینگەی کوردستان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە زیادبووندایە و ڕۆژ نییە هەواڵی سووتاندنی بەشێک لە دارستانەکانی کوردستان، بڕینەوەی دارستانەکان و تێکدانی ژینگە بە مەبەستی دروستکردنی پڕۆژەکانیان و هەروەها بەتاڵانبردنی دارەکانی کوردستان بۆ شارەکانی دیکەی ئێران بەر گوێمان نەکەوێ. هەر بۆیە ئەرکی ژینگەپارێزان و خۆبەخشان و بەتایبەت ژنان وەک توێژێکی کارا و کاریگەر لەم پێوەندییەدا زۆر زیاتردەبێ و پێویستە زۆر زیاتر لە جاران هەوڵ بۆ پاراستن و پارێزگاریکردن لە سەرچاوە و دەرامەتە سروشتییەکانی کوردستان کە بڕبڕەی ئابووریی کوردستانن بدەن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ ڕاکێشانی خەڵکی بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان



سیمین روحانیزادە

لە ئێستادا دوای کوژرانی ڕەئیسی، سەرۆککۆماری ئێران و هاتنە گۆڕێی پرسی هەڵبژاردنی پێشوەختەی سەرۆککۆماری لە ئێراندا ڕێژیمی ئێران تووشی شپرێوی و ترسی بەشداری نەکردنی خەڵک لەو هەڵبژاردنە دا بووە، هەر چەندە نەمان و کوژرانی ڕەئیسی و هاتنە گۆڕێی بابەتی هەڵبژاردن بۆ کەسانی باڵادەستی وەک خامنەیی شتێکی لە ناکاو نەبووە بەڵام بۆ دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیم شتێکی نوێ بوو.

لە ئێستادا و لەگەڵ نزیک بوونەوەی ڕۆژی شانۆی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری لە ئێراندا کە بڕیارە لە ڕۆژی ٨ی پووشپەڕ بەڕێوەبچێ ناوەندەکان و کاربەدەستان و دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیمی ئێران بە هەموو شێوازێک خەریکی هاندان و ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدانن.

هەوڵ و پەلەقاژێی ڕێژیمی ئێران بۆ ڕاکێشانی خەڵک و گەرم و گوڕ نیشاندانی شانۆی هەڵبژاردن لە کاتێکدایە کە تەنیا سێ مانگ بەسەر شکەستی ئەو ڕێژیمە لە هەڵبژاردنی خولی دوازدەهەمی مەجلیس تێپەڕیوە و هێشتا ڕێژیم خەریکی پەردەپۆشکردن و هێنانەوەی پاساو و چەواشەکارییە بۆ ئەو شکەستە گەورە، لە بەرانبەر ئیرادەی گەلانی ئێراندا.

پرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردن یەکێک لە بنەماکانی دێمۆکراسییە و لە هەموو سیستم و دەسەڵاتێکدا ئەو پرۆسەیە بۆ دیاری کردنی داهاتووی ئەو وڵاتەیە، و خەڵک بە بێ ئەوەی پێویستیان بە هاندان و گەف و هەڕەشە بێ بە ویستی خۆیان دەنگ دەدەن بەو سیاسەت و بە ئەو کەسەی کە بۆ داهاتووی وڵاتەکەیان بە شیاو دەزانن.

وەلێ لە ئێرانی ژێر چەپۆکی کۆماری ئیسلامیدا دەنگدان و هەڵبژاردن هەیە، بەڵام لە کاکڵەی سەرەکی خۆی و چەمکی دێموکراسی و دێموکرات بوون داماڵدراوە و چووەتە قاڵبی شانۆ و سیناریۆیەک کە پێشتر لە لایەن خامنەیی و داروودەستەکەی داڕێژراوە و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن تەنیا بۆ کۆکردنەوەی خەڵک لە دەوری سەندووقەکان و قەرەباڵغ نیشاندان و بڵاو کردنەوە ڤیدیۆ و وێنە لە میدیاکانە، بۆ ئەوەی بڵێن کە خەڵک لەگەڵمانە و خەڵک بۆ خۆی بڕیار لە سەر چارەنووسی خۆی و وڵاتەکەی دەدات و دەسەڵاتداری ئێمە ڕەوایە.

بەڵام ئەوەی کە لێرەدا هێژای باسە ئەوەیە کە هەوڵ و کەڵک وەرگرتنی ڕێژیم لە ڕێگای جۆراوجۆر بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان لە پێش شۆڕشی ژن ژیان ئازادی دا کەم و زۆر باندۆری هەبوو، بەڵام لە ئێستا دا ئەو هەوڵ و هاندانانەی ڕێژیم بێ کەڵکن و وڵامدەر نیین.

بۆ نموونە لە هەڵبژاردنەکانی پێش شۆڕشی ژینا ڕێژیم لەو شار و دەڤەرانەی کە چەند نەتەوە پێکەوە دەژین لە جیاوازییە نەتەوەییەکان کەڵکی وەردەگرت و بە درووست کردنی ململانێ و ڕکابەرییەکی ناتەندرووست و هەروەها درووستکردنی ڕق و کینە، کەسانێکی نائاگای بۆ سەر سندووقەکان دەبرد، یان بە هەڕەشە کردن لە کارمەند و مووچەوەرگرەکانی حکوومەت کە لە ئەگەری بەشداری نەکردن، مووچەیان قەت دەکرێ و چەندین نموونەی دیکە خەڵکی بۆ سەر سندووقەکان ڕادەکێشیا، بەڵام دوایی شۆڕشی ژینا دەستی ڕێژیم بە باشی بۆ خەڵک ئاشکرا بوو، و خەڵک سەلماندی کە جیاوازی نەتەوایەتی ناتوانێ ببێتە هۆی ئەوەی بە قازانجی ڕێژیم کەڵکی لێ وەربگرن بە پێچەوانەوە نیشانیاندا کە بە یەکگرتوویی لەو جیاوازییە کەڵک وەردەگرن بۆ نەهێشتی ئەو ڕێژیمە، یا کەسانێک کە لە جێگە و پێگە و مووچەی خۆیان دەترسان نیشانیاندا کە هیچ شتێک لە ئازادی بەنرختر نییە و هەڕەشەکانی ڕێژیم هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر نابێ و بە هەموو شێوەیەک ئەو ڕێژیمە و سیستم و دەسەڵات و دەنگدانی ڕەت دەکەنەوە.

لە ئیستادا سەرەڕای ئەوەی کە ڕێژیم دەزانێ هەوڵ و پیلانەکانی بۆ خەڵک ڕوون بووە و خەڵک بە ڕێژەیەکی کەم لە سەرانسەری ئێراندا بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەن، لە لایەکی دیکەوە ترسی گەورەی لە بەشداری نەکردنی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەڵبژاردنەکاندا لێنیشتووە.

وتنی ”نا» بە ڕێژیم و دژایەتی تەواو لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شتێکی نوێ نییە چوونکە لەگەڵ هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەی خۆی جیاکردەوە و بە هەموو شێوازێک دەسەڵاتی مەلاکانی ئێرانی ڕەتکردووەتەوە.

بەڵام ڕێژیمی ئێران بە بێ عاری خۆی چاوی لە هەڵوێست و ڕەتکردنەوە و دژایەتی کردنی کوردستان لەگەڵ ئەو دەسەڵاتەدا داخستووە و هەمیشە بە تایبەتی لەمیدیاکاندا هەوڵی ئەوەی داوە کە وا نیشانی بدات کە خەڵکی

> **ئەوەی کە لێرەدا هێژای باسە ئەوەیە کە هەوڵ و کەڵک وەرگرتنی ڕێژیم لە ڕێگای جۆراوجۆر بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان لە پێش شۆڕشی ژن ژیان ئازادی دا کەم و زۆر باندۆری هەبوو، بەڵام لە ئێستا دا ئەو هەوڵ و هاندانانەی ڕێژیم بێ کەڵکن و وڵامدەر نیین**

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەموو شیوازێکی کۆماری ئیسلامیان دەوێت و بە حکوومەتی خۆیان دەزانن.

هەروەها لە لایەکی دیکەوە ترسێکی دیکەی ڕێژیم هەبوونی حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزیسۆنی ئێران و کاریگەری و باندۆری حیزبەکان و هەروەها پێڕەوی کردنی خەڵک لە سیاسەت و هزری حیزبەکانە، بە تایبەت لە پرسی وەکوو هەڵبژاردنە کە حیزبەکان زۆربەی کاتەکان بایکۆتی هەڵبژاردنەکانیان کردووە و ئەو پێڕەوی کردنە لە هزر و ویستی حیزبەکان بۆ ڕێژیم بووەتە خۆف و ترسێک ، بۆیە زۆر گرینگی بە پڕ ڕەنگ نیشاندان و بەشکۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدات.

**ڕێژیمی ئێران بە بێ عاری خۆی چاوی لە هەڵوێست و ڕەتکردنەوە و دژایەتی کردنی کوردستان لەگەڵ ئەو دەسەڵاتەدا داخستووە و هەمیشە بە تایبەتی لەمیدیاکاندا هەوڵی ئەوەی داوە کە وا نیشانی بدات کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەموو شیوازێکی کۆماری ئیسلامیان دەوێت و بە حکوومەتی خۆیان دەزانن**

لەم ماوەیەدا کە باسی هەڵبژاردنی پێشوەختەی ڕێژیم هاتووەتە گۆڕێ کارگەلێکی جۆراوجۆر لە لایەن مۆرەکانی ڕێژیم لە شار و گوندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێ، بۆ نموونە لەم چەند ڕۆژانە ڕابردوودا لە پارێزگای سنە نوێنەری ویلایەتی فەقێ لەو پارێزگایە، مزگەوت بە مزگەوتی شار و گوندەکان دەگەڕا و داروودەستەکانی خۆی و هەروەها بە زۆر هێندێک لە خەڵکانی ئاسایی لە مەزگەوتەکان کۆدەکردەوە و بە هێنانەوە نموونەی بێ بنەما و بە باس کردنی هێندێک لە کار و هەوڵ سپای پاسداران و ڕێژیم کە بە ئیدعای خۆی بۆ خەڵک و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کردووە و بەو چەواشەکارییانە هەوڵی ڕاکێشانی خەڵکی داوە و جەختی لە پێویست بوون و گرینگ بوونی بەشداری کردنی بەشکۆی خەڵکی کورد لە هەڵبژاردندا کردووە.

هەروەها ناوبراو لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا داوای لە خەڵک کردووە کە مزگەوتەکانماڵەکان و هەر جێگایەک کە بۆیان دەکرێ بکەن بە تریبوونک و وتوویانە دەنگی ئێمە بن و خەڵک ڕابکێشن بۆ سەر سندووقەکان.

نموونەی ئاوا لەم ڕۆژانەدا یەک و دووان نین ڕۆژانە مۆرەکانی ڕێژیم بەم شێوە دەچنە ناو خەڵک و سواڵ دەکەن بۆ ئەوەی خەڵک ڕوو لە سندووقەکانی هەڵبژاردن بکات.

هەر وەک ئاماژەمان پێکرد دەنگدان پرۆسەیەکی ئازاد و بابەتێکە کە پێویست بە زبەر و زۆر ناکات بۆ بەشداری کردنی خەڵک گەر دەسەڵاتەکەت دەسەڵاتێکی ڕەوا، و حکوومەتەکەت حکوومەتێک بێت کە خەڵکی بێت و بۆ خزمەت بە خەڵک تێبکۆشی ئەوا خەڵک خۆی بە ویستی خۆی دێت دەنگ دەدات.

بەڵام خەڵکی ئێران دەزانن دەنگدان و سەرۆککۆمار و نوێنەر ناتوانن هیچ گۆڕانکارییەک درووست بکەن و تەنیا شتێک کە دۆخ دەگۆڕێ نەمانی ئەو ڕێژیمە. و لە هەڵبژاردنی مانگی ڕەشەمەی ساڵی ڕابردوودا کە خەڵک لە سەرانسەری ئێراندا بە ڕێژەی کەمتر لە ٤٠٪ بەشداریان لە هەڵبژاردندا کرد، و حکوومەتە ئاسمانییەکەی خامەنەییان ڕسوا کرد و حەیایی نەبووی ٤٥ ساڵەی ئەو دەسەڵاتەیان برد و جارێکی دیکە نیشانیاندا کە بەرەی خەڵک و بەرەی حکوومەتی ئێران جیایە.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# چی ڕوودەدا کە لە نێوان ١٠ قوتابی کچ ٣ کەسیان لەقۆناغی دوواناوەندیدا واز لە خوێندن دەهێنن؟



شیوا مرادیان

کاتێک باس لە ژنان دەکەین دەبێ پێش هەموو شتێک بیر لەوە بکەینەوە کە باس لە ژنانی کام کۆمەڵگا دەکەین؟ کەواتە گرنگە کە بزانین ڕوانگەی یاسا و ڕێساکانی ئەو کۆمەڵگەیە بە نیسبەت ژنانەوە چین؟ واتە یاسا و ڕێساکانی کۆمەڵگاکان دەرخەری دۆخی ئەو کۆمەڵگایەن. بۆ نموونە کاتێک لە یاسای بنەڕەتی ولاتێک وەکوو ئێراندا هاتووە کە شایەتی دوو ژن بەرابەرە بە شایەتی پیاوێک! دەردەکەوێ کە چ جۆرە بیرکردنەوەیەک بەسەر ئەو ولاتەدا زاڵە و حوکم دەکات.

جیا لەوەی کە ئەم زێهنییەتە ڕەگەزی ژن بە ناتەواو و لاواز دەزانێ و ژنانی وردکردووە و لە کەسایەتییانی داوە، بێگومان ڕێگریش بووە و دەبێ لەوەی کە ئاستی ڕووناکبیری، ئاگایی و وشیاری ژنانی ئەو کۆمەڵگایە گەشە بکات، بۆ ئەوەی گوێڕایەڵی یاساکانی بن و لێی دەرنەچن، یان لە بەرانبەریدا نەوەستنەوە، لە لایەکی دیکەشەوە مێشکی ڕەگەزی نێریش دەشواتەوە بەو تێڕوانینە سەقەتە کە کچ و ژن لاوازن.

یەکێک لە ئامرازەکانی نائاگا هێشتنەوەی ژنان بەتایبەتی لە کۆمەڵگای ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، پەرتووکە دەرسییەکانی قوتابخانەکان بوون کە هەڵقولای تێگەیشتن و تێڕوانینی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامین بە نیسبەت ژن. لەو پەرتووکە دەرسییانەدا کە لە قوتابخانە و زانکۆکان دەخوێندرێن و باسی ژنیان کردووە، بەردەوام ژن ئاوەها وێنا کراوە کە لاوازە، پێویستی بە چاوەدێرییە، خاوەنی بڕیاری خۆی نییە و ئەرکی ژن تەنیا ماڵ و منداڵ بەخێوکردنە.

ئەم تێڕوانینە لەسەر ژن، بێگومان هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە بە خوردی قوتابییەکان دەدرێ کە ژن ئەرکی لە کۆمەڵگا تەنیا منداڵداری و ماڵدارییە و دەبێ چاوەدێری هەبێ و ... ئەم شێوە تێڕوانینە کە هەڵقولاوی یاسا و نەریتی حکوومەتی تووتالیتری ئێرانە، هەم قوتابییە کچەکان ورد دەکات و وای لێدەکات کە باوەڕبەخۆبوونیی نەبێ و بەردەوام لە گەورە ساڵیشدا هەست بە قەلەقی بکات، هەمیش تێگەیشتنیان ئاوا لێدەکات کە دەست لە حەز وخولیاکانی خۆیان هەڵبگرن و خۆیان لە چوارچێوەی ماڵەوە کۆت زەنجیر بکەن.



ئاکامی ئاوەها پەروەردەیەک دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەداخەوە زۆربەی کچ و ژنانی کۆمەڵگە هەست بە لاوازی و قەلەقی بکەن و زۆربەیان لە بەرانبەری ئەقڵیەتی داسەپاودا تەسلیم بن، واز لە خوێندن بهێنن و لە هەمووی خراپتر ئەوەی کە ژنان بۆخۆیان قەناعەت بەو تێڕوانینە بکەن، کە بەڕاستی گەیشتن بەم قۆناغە مەترسیدارە.

کاتێک ئەم تێڕوانینە دەروونی بووەوە بۆ ژنان و قبوولیان کرد کە لە کۆمەڵگادا هیچ ڕۆڵێکیان نییە، کارەسات ڕوو دەدا و ئیدی خودی ژنانیش تەبلیغ بۆ ئەم تێڕوانینییە دەکەن و لە ئاکامی ئەم تەسلیم بوون و باوەڕ هێنانە و لە درێژەی پەروەردەی منداڵ بەتایبەتی بەهۆی ڕۆڵ و دەورێک کە ژن لە کۆمەڵگای ئێراندا لە پەروەردە و گەورەکردنی منداڵدا هەیە، ئەم تێڕوانینە کە ژن بە کەم دەزانێ لەلایەن بنەماڵە بە تایبەتی دایک و خوشکەکانەوە دەگوازرێتەوە بۆ جیلی داهاتوو و لە کۆتاییدا کۆمەڵگاش دەچێتە سەر ئەم قەناعەت و یاسایەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی.

کەواتە یاسا و ڕێساکان بەردەوام دەور و نەقشیان بووە و هەیانە لە گۆڕانکاری یا چەقبەستوو هێشتنەوەی کۆمەڵگا یان سەپاندنی تێڕوانینێکی دیاریکراو بەتایبەتی لە ئێستادا کە سیستەمی دەوڵەت-نەتەوە زاڵە. لە دەسەڵاتداریتی زیاتر لە چوار دەیەی کۆماری ئیسلامیشدا بە دەیان ڕێسا و نەریتی کۆن کراون بە یاسا و بەزۆر بەسەر خەڵکی ئێران بەتایبەتی ژناندا سەپێندراون.

لە کۆتاییدا دەمەوێت بە کورتی باس لەوەش بکەم کە جیا لەم هۆکارانە، هۆکارێکی دیکە کە وایکردووە ژنان خۆیان بە کەمتر بزانن و واز لە خوێندن بهێنن سەربەخۆیی ئابووری بووگە، کاتێک ئابووری ئێران بەهۆوی سیاسەتە چەوتەکانی حکوومەتی توتالیتری کۆماری ئیسلامی تووشی دارمان بووە ژنان و کچان هەم لە لایەن کۆمەڵگا وهەروەها لە لایان بنەماڵەکانیانەوە تووشی زۆر بەربەست دەبنەوە و ناچار دەکرێن کە لە قۆناغێکی زۆر هەستیاری ژیانیاندا واز لە خوێندن بهێنن .

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# قاتی «شیری وشک» لە ئێران



شەهلا کاوە

دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان و ئاسایشی فکری خەڵکانی وڵاتێک لە مەڕ خەرجی ڕۆژانەیان مافێکی سرووشتی خەڵکە بەتایبەت لەژێر سایەی دەسەڵاتێکدا کە ئیدعای گەورەی لە ئاستی نێو دەڵەتی هەیە بەلام هێشتا خەڵک دالغەی گەورەیان نانی شێو و کرێ خانوو و جل وبەرگ و تێچوی خوێندنی منداڵەکانیانە.

لەم دواییانەدا ڕێبەری ڕێژیم داوای زیادبوونی حەشیمەتی کرد و بە هەموو شێوازێک بنەماڵەکان و تایبەتیتر ژنەکانی هان دەدا کە منداڵیان ببێ و وڵات پێویستی بە لاو بوونەوەی حەشیمەتە. ئەم داواکارییەی ڕێژیم زۆر بێشەرمانە و گوێ خەواندنە لەو گشتە کێشەیەی لە کۆمەڵگەی ئێران هەیە.

گریمان خەڵک چاو لە زۆرێک لە کێشەکانی کۆمەڵگە بنوقێنن و بڵێن باشە، با منداڵ ببێ، دەی خۆ منداڵ پێویستی بە تێربوونی سکی و تەڕ وشک کردن و دەرمان هەیە، هەر لەو ماوەیە کە ڕێژیم شێر و ڕێوی بۆ منداڵبوون ئەهێنایەوە نەبوونی شیری وشک لە ئێران ڕۆژەڤی هەواڵە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بوو کار گەیشتە جێگایەک دوو کارخانەی سەرەکی بەرهەمهێنانی شیری وشک لەبەر نەبوونی مەوادی سەرەتایی بەرهەمهێنان، داخران.

«جەلیل میرموحوممەد میبدی» ئەندامی کۆمیسیۆنی بێداشت و دەرمانی مەجلیسی ئێران باسی لەوە کردبوو کە بانکی ناوەندی ئێران بەرپرسیار کراوە ٤٠٠ میلیۆن یۆرۆ بخاتە بەردەستی وەزارەتی بێهداشت بۆئەوەی مەوادی سەرەتایی دروستکردنی شیری وشک دابین بکرێت، کە بەداخەوە تووشی بیگرە و بەردە بوو و لە ئاکامدا ئەو برە پارەیە بەو وەزارەتی بێداشت نەدرا.

«ڕازیە بلالی» هەواڵنێری ناوخۆی ئێران لەو پێوەندییەدا بە «باشگای هەواڵنێرانی توانا»ی وتووە کە ئێمە بە حیساب لەو وڵاتانەین کە شیری وشک بەرهەم دێنین و ئەتوانین شیری هەموو منداڵانی وڵاتەکەمان دابین بکەین، باسیشی لەوە کردووە کە شیری وشک خۆراکێکی ئاسایی نییە بەڵکوو پێوەندی بە تەندرووستی منداڵەوە هەیە.

هەروەها لە گەرمەی قات و قڕی شیری وشکدا کە ڕاپۆرتی مەیدانی لە دەرمانخانەکان ئامادە کراوە، بەرپرسی دەرمانخانەکان ئاماژەیان بەوەداوە کە «سامانە» زۆر جار پچڕاوە و بۆ دابین کردنی شیری وشک ئەوە یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانمانە.

لەو ڕاپۆرتەدا دایک و باوکەکان ئاماژەیان بەو هیلاکییە کردووە کە بۆدەسخستنی ئەو شیرەی پزیشک بۆیانی داناوە لەو دەرمانخانە بۆ دەرمانخانەیەکی دیکە دەڕۆن و ئەو شیرەی کە پێویستیانە هەر دەسیان نەکەوتووە، ئەو وەزعە بێزاری کردوون.

بەرپرسی ئەنجومەنی بەرهەمهێنەرانی شیری وشک بە هەواڵدەرییەکانی وتووە ئێمە لە وڵاتدا ٥ کۆمپانیای بەرهەمهێنانی شیری وشکمان هەیە کە بەئاسانی ئەتوانین شیری پێویستی منداڵانی ئێران دابین بکەین و تەنانەت پێشتر هەناردەشمان کردووە بەلام لە ئێستادا بەهۆی مودیرییەتی لاوازەوە ئەبێ شیری وشک هاوردە بکەین.

دایکایەتی هەستێکی زۆر خۆش و تایبەت و لەهەمانکاتیشدا پڕ لە دڵەڕاوکێ و بەرپرسایەتییە، کە ئەبێتە دایک و ئەبینی مرۆڤێک لە جەستەتدا دروس بووە کە بێ سنوور خۆشەویستە و هەرچەندە پێوەی هیلاک بی هەر لێی بێزار نابی بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێ دەقە بە دەقە ئاگات لێی بێ، برسی نەبێ، نەخۆش نەبێ، کەلێنی سۆزداری بۆ دروس نەبێ بەهێز پەروەردە بێ و دەیان ببێ و نەبێی دیکە بەردەوام لە مێشکتدان

ئەم ترس و نیگەرانیانە لە وڵاتانی نادیموکراتیک و گەشە نەسەندوو یەکجار زۆرترن بۆیە لە هەموو وڵاتان و هەموو سیستەمە بەڕێوەبەرییەکانی جیهان کەیفییەت و چۆنییەتی ژیان وەک یەک نین.

تا ئەو جێگایەی پێوەندی بە چوارچێوەی ماڵی خۆت و هەڵسووکەوتی دایک و باوکەوە بێت دەکرێ لەهەر گۆشەیەکی دونیاش بی منداڵێکی باش و تەندرووست بەخێو بکەی بەلام کە ئیشت گەیشتە سیستەمی زاڵ و حکوومەت] بەتایبەت حکوومەتێک وەکووڕێژیمی ئێرانی دیکتاتۆر] ئیتر زۆر شت لە دەسەڵاتی تۆ بەدەرە وەکوو گرانی و نەبوونی پێداویستی منداڵ، وەکوو ڕەچاوکردنی مافەکانی لە دەرەوەی ماڵ و قوتابخانە و،،،،

درێژەی بابەت ل: ٣٠



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# چەواشەکاری مێژووی ڕاستەقینەی کورد




شەهرام سوبحانی



مێژوو و ئاسەوارە مێژووییەکان دوای گەشەسەندنی هەستی نەتەوایەتی لە تەواوی دنیادا بایەخێکی یەکجاری زۆریان پەیدا کرد و ئەو وڵاتانەی کە خاوەن مێژوویەکی کۆن و ئاسەوارێکی مێژوویی دەگمەنن ئیفتخار و شانازی بە بوونی خۆیان و خاکەکەیانەوە دەکەن کە هەڵکەوتووی ئەو مێژوو و ئاسەوارەن، هەروەک هەموومان ئەزانین ڕابردووی هەر نەتەوەیەک پێی دەڵێن مێژوو! کە بووەتە ئاوێنەی ڕاستەقینەی ناسینی هەر نەتەوەیەک، کە بە دوای خۆدی ڕاستەقینەی‌دا دەگەڕێ، جا بۆیە ئەگەر میللەتێک مێژوویی خۆی نەزانێ و یان بە جۆرێک چەواشەکاری لە ڕابردووی کرابێ ئەو کات زۆر بە ئاسانی تووشی سەر لێشێواوی ئەوێت و لە ئاکامدا بێ هیوایی و نەمانی باوەڕبەخۆبوونی تێدا درووس دەبێت کە میللەتێک بەرەو نەمان و تێداچوون هیدایەت دەکا. ئەو کارەی کە بەدرێژایی مێژوو دوژمنانی کورد لە بەرامبەر کورددا کردوویانە کە ئاکامەکەی بەداخەوە پەرتەوازبوونی نێوماڵی کورد و نەمانی باوەڕبوخۆبوون بوو کە ئەمڕۆ بەرۆکی کوردی گرتووە، ئەم سیاسەتە دژە گەلییە لە چاندنی نەمامی بێ هیوایی و سەرلێشێواوی میللەتی کورد گەورەترین ڕۆڵی گێڕاوە و هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێت شوێنەوار و لێکەوتەکانی لە کۆمەڵگە دەبیندرێ. لێرەدا قسەیەکی «ئایزێنهاوێرم» بیر دێتەوە کە دەڵێ: «بۆ لەنێوبردنی میللەتێک هەوڵ بدە مێژوویی ڕاستەقینەی بسڕیتەوە و بۆ خۆت مێژوویەکی پڕ لە چەواشەکاری و دوور لە ڕاستییەکانی بۆ بنووسی». ئەو کات ئەو میللەتە تووشی سەرلێشێواوی ئەوێت و وەک میللەتێکی زەلیل و لاواز چاو لە خۆی دەکا و لە ئاکامدا هەستی باوەڕبەخۆبوونی لێ دەستێنێ، کە ئەمڕۆ دەیبینین کە هەر تاکێکی کورد تووشی بووە، واتا ئێمە بەر لە داگیرکردنی خاکەکەمان خۆمانیش داگیرکراوین جا بۆیە وەک چرچیل دەڵێ: «ئەرکی خەڵکی جیهان سێهەم ئازادکردنی وڵاتەکەیان نییە، بەڵکوو لە پێشدا ئازادکردنی خۆیانە». و هەر کاتێک ئێمە تانیمان خۆمان ڕزگار بکەین ئەو کاتیش زۆر بە ئاسانی دەتوانین وڵاتەکەیشمان ڕزگار بکەین. بەڵام بەخۆشحاڵییەوە سەرەرای هەمووی ئەمانە هێشتا کەسانێکی خاوەن قەڵەم و بەرپرسیار و دڵسۆز و نیشتمان دۆست هەن کە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە تەمەنی خۆیان تەرخانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر مێژووی کورد و کوردستان کردوە و ئەمڕۆ بە بەرهەمە ناوازەکانیان مێژوویی بزر بوو و نەگێڕدراوەی کورد بە نەوەی نوێ دەناسێنن. کە کاک «سۆران حەمەڕەش» پسپۆڕی مێژوو کە لای هەمووومان ناوێکی ناسراوو و ئاشنایە یەکێک لەو کەسانەیە کە بە دوو بەرهەمی جیاواز بە ناوەکانی « کورد کێیە؟، و «مێژووی بزر بوو و نەگێڕدراوەی کورد» خزمەتێکی یەکجار گەورەی بە کتێبخانەی کوردستان و نەتەوەی کورد کردووە کە ئەمڕۆ بەم دوو بەرهەمە ناوازە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە خۆناسین و چاندنی نەمامی باوەڕبەخۆبوون لەنێو هەر تاکێکی کورددا هەبووە کە ئاکامی گەورەی ئەم بەرهەمانە لە داهاتوویەکی زۆر نزیک دا دەردەکەوێ. هەروەها با ئەوەش بڵێم مێژوونووسە زیرەکەکانی دنیا مێژوویی وڵاتەکەیان لە چوارچێوەی بەرژەوەندی نەتەوەکەیاندا دەنووسن تەنانەت ئەگەر چەواشەکردنی ڕاستییەکانیش بێت، چونکە ئەوان بەم شێوەیە لەو نووسینە دەڕوانن کە قەرارە نەوەی نوێ ئەو مێژووە بخوێنێتەوە و شتێک باس ناکەن کە زەربە لە هەستی ئەو نەتەوە یا باوەڕبەخۆبوونیان بدا و ئامانج لەو جۆرە نووسینە ئەوەیە کە جیلی نوێ باوەڕبەخۆبوونیان تێدا دروس بێت نەک ئەوەیکە بیرژێنە سەر ڕووخانی کەسایەتییەکان و وێنایەکی ناشیرین لەلای نەوەکانی داهاتوو دروس بکەن، زۆر کەس هەیە دەڵێ وەڵڵا من کەسێکی ئاکادێمیکم و دەبێ شتەکان وەکوو خۆی بنووسم، ئەی ئایا بیر لەوە ناکەیتەوە کە ئاکامەکەی بۆ دوا ڕۆژ چەن قورس دەبێ؟ بەڵێ، منیش دەڵێم مێژوو دەبێ وەکوو خۆی بنووسرێتەوە. منیش دەڵێم کە باس لە خاڵە لاوازەکان بکرێ تا بە چاوێکی خەسار ناسیەوە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان بڕوانین بۆ ئەوەیکە ببێتە دەرس بۆمان و لە داهاتوودا دووپاتی نەکەینەوە. بەڵام نابێ قەت زەربە لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان بدات. چاولێکە فارس هەموو شتێکی ساختەیە، هەمووی پروپاگەندەیە، بەڵام گرینگ نییە، گرینگ ئەوەیە کە توانیویانە لەو ئامانجەی کە مەبەستیانە سەرکەوتووبن ئەڵبەت مێژوویی ئێمە ئەوەندە دەوڵەمەندە کە پێویستی بە پێداهەڵگوتن و چەواشەکاری و ڕیاکاری نییە، تەنیا هیوادارم ئەوانەی کە مێژوو دەنووسن ئەو خاڵە لە نەزەر بگرن.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئاکامەکانی «هێرشی تێزاب» یان ئەسیدپاشی



هاوژین موکەڕەم



هێرشی ئەسید یان تیزاب پرژاندن هێرشێکی بەئەنقەستە کە تێیدا ترشێکی کیمیایی بەکاردێت وە دەکرێت بە جەستەی کەسێکدا .یاخود بەزۆر دەرخواردی دەدرێتن. وە دەبێتە هۆی سووتان و تێکچوونی جەستەی مرۆڤ .ئامانج لە ئەنجامدانی ئەم کارە قێزەونە شێواندنی ڕوخسارو جەستەی ئەو کەسەیە.کە بەتایبەت لەهەندێک وڵاتدا زۆر بڵاوە ئەنجامدانی ئەم تێزاب پاشییە ئەم جۆرە کارانە و بەگشتی لە وڵاتە پاشکەوتوەکان (دواکەوتوەکان)ئەم جۆرە کارانە ئەنجام دەدرێن .کە پیاوان و خانمان پەنا دەبەنە بەر ئەنجامدانی ئەم جۆرە کارانە بەڵام بەشێوەیەکی گشتی قوربانی ئەو کارانە بەشی زۆری خانمانن.کە حاڵەتی سووتان بەهۆی تیزابەوە لە بەریتانیا ٨٪ وەلە کامبۆج ٨٣٪ وە لە بەنگلادیش ٩٢٪ بووە هەروەها سێ جۆری تیزاب یاخود ترش هەیە کە بەشێوەیەکی گشتی ترشێکی هەرزانن زوو بەردەست دەکەون ئەوانیش:-

١)ترشی هایدرۆکلۆریک $HCl$
٢)ترشی گۆگێردیک $H_2So_4$
٣)ترشی نایتریک $HNo_3$

وەهەروەها ڕێژەی سوتان بەتیزاب لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە ئەویش بەپێی:-خەستی ماددەکە,بڕی ماددەکە,کاتی مانەوەی ماددەکە.بەڵام بەشێوەیەکی گشتی تیزاب دەکرێت بە ڕوخسارەوە کە بەهۆی ئەمەشەوە دەست و مل و ڕوخسارو سینگی کەسەکە تووشی سوتان دەبێت و زیانی پێ دەگات. بەڵام سوتان بەتیزاب زۆر جیاوازە لە سوتان بەشێوەیەکی تر چوونکە ڕێژەی سوتان بە تیزاب ١٠٪ە و سوتان بەتیزاب زیانێکی زۆری دەبێت چونکە لێرەدا ماددەیەکی کیمیاییە و سوتانێکی قوڵ ڕوودەدات و زیانەکانی زیاترن و حاڵەتە دەروونییەکانی زیاترن بۆنموونە کچێک کە ڕێژەی سوتانی بەهۆی تیزابەوە تەنها٧٪بوو بەڵام بەهۆی تێکچوونی دەروونییەوە خۆی کوشتوە و هێرشی تیزاب لەسەدەی نۆزدەیەم لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستویەک لە بەریتانیا سەری هەڵدا .وەهەروەها ئەو جۆرە وڵاتانەی کە ئەم جۆرە تاوانانەی تێدا ئەنجامدراوە وەک:-بەنگلادیش, هیندستان, پاکستان, ئێران ,ڤێتنام, بەریتانیا ,چین ,ئەفریقای باشوور ,وە لە سعودیاو عێراقیش ئەو جۆرە حاڵەتانە بوونی هەیە و بەگشتی چەند هۆکارێک وا دەکاتن کە خەڵک پەنا ببەنە بەر ئەو کارە قێزەونانە:-

١)نەمانی پەیوەندی سۆزداری
٢)دەستدرێژی کردن
٣)دزیکردن
٤)کێشەی خێزانی
٥)کینەی کۆن

وە سەرەرای ئەوەی زۆربەی قوربانیانی تیزاب ئافرەتانن گەر بپرسین بۆچی؟چوونکە لە وڵاتە پاشکەوتو دواکەوتوەکاندا ئافرەت وەک کەسێکی پلە دووی ئەو وڵاتە سەیر دەکرێت و هیچ ڕێزێکی لێ ناگیردرێ و پێیان وایە ئافرەت مافی بڕیاردانی نییە .و هەروەها زیانە جەستەیەکانی تیزاب کردن بریتییە لە:-سووتان و شێواندنی جەستە,گۆڕانی شێوەی لووت,گرژبوون و چرچ بوونی ماسولکەکانی ڕوخسار,سوتانی قژو برۆ و برژانگ,شێواندنی گوێ و هۆکاری نەبیستنی,لەدەست دانی لێو ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کێشەی هەبێت لەکاتی نان خواردن و قسەکردندا,بەهۆی ئەوەشی کە سوتانەکە قوڵە دەبێتە هۆی دامەزرانی ئێسکیش و چەندی زیانی دەرونیشی لێدەکەوێتەوە وەک:-

١)خەمۆکی و دڵەڕاوکێ
٢)خەونی ناخۆش
٣)شۆکبوون
٤)بێتاقەتی و کەمی متمانە بەخۆبوون
٥)هەوڵدان بۆ خۆکوشتن

وە بەچەند ڕێگایەک دەتوانرێت ڕێگری بکرێت لە ئەنجامدانی ئەو جۆرە کارە کە زۆر قێزەونە ئەوانیش:-١/نابێت ئەو ماددانەی کە بەکاردێن بۆ ئەنجامدانی ئەو جۆرە کارانە بە ئاسانی بەردەست بکەون و خەڵکی بتوانن بەردەستیان بکەوێ ٢/بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگە تاکو ئەوجۆرە کارانە کەم بکرێتەوە.٣/ نزیک نەبونەوە لەوکەسانەی نەناسراون ٤/و لە هەر جێگایەک کە ئەو ڕوداوانەیان زۆر تێدایە ئەوا ئافرەتان دەتوانن چاویلکەی ٤ەش لەچاو کەن تاکو گەر ئەوڕوداوەش ڕویدا ئەوا چاویان پارێزراو بێت.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# چ غوربەتێکی غەریبە و چ هەستێکی پڕ ئازارە ئەو زامە



نەسرین یوسفزادە

بڵێی ئەمجار، ئەم تۆفانە، گەڵای کام دار بوەرێنێ؟ پشتی کام شاخ بشکێنێ؟ کام دارستان بگەچڵێنێ؟

ئەوە نووسراوەی سەر وێنەیەک بوو کە خاتوو گوڵاڵە عوسمانی لەسەر وێنەیەکی هاوژینی شەهیدی لە لاپەڕەی ئینستاگرامەکەی دانابوو. گوڵاڵە عوسمانی هاوژین و هاوژیانی شەهید ڕێبوار عەبدی شەهیدی مووشەکبارانی ڕۆژی ٢٣ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوییە.

دەبێ چ غوربەتێک بێ غەریبایەتی و دووری لە ئازیزترینت و چ غەمێکی گەورە بێ کە بزانی دیداری ئاخرت ئەو کاتەیە کە کۆتا جار کوتە پەڕۆیەکی سپی بەسەر ڕوخساری دادەرێ و ئیتر هەتاهەتایە دەبێ ژوانگەی خۆشەویستییان کێلێکی سارد و چەندین وێنەی بێرووح بێ و لەوانەیە چەند دەنگی تۆمارکراو کە هەموو کاتەکانی پێ تێدەپەڕێنێ.

بۆ ئەم جارە دەمهەوێ باس لە خاتوونێکی دڵپاک و زانا بکەم خاتوونێک کە لەنێو بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕی حیزبی دێموکرات دا هاتە دونیا، گەشەی کرد، وەک هەموو منداڵانی ئەو شۆڕشە چووە قوتابخانە، ساڵ بە ساڵ پلەکانی خوێندنی بە سەرکەوتوویی بڕی و لە کۆتاییدا خۆشی بوو بە مامۆستایەکی میهرەبان و دڵسۆزی منداڵانی شۆڕش.

خاتوو گوڵاڵە عوسمانی کچی کاک تاهیر و خاتوو تەبیبە خوسرەوی کچی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات بووە و هەر لەنێو حیزبیش دا بووەتە مامۆستای منداڵانی شۆڕش لەگەڵ پێشمەرگەیەکی دڵپاک و ژیر و ئازا بە ناوی کاک ڕێبوار عەبدی ژیانی هاوبەش پێک دەهێنێ.

هێلانەی خۆشەویستیان دوای چەند ساڵ بە قاقا و پێکەنینی کچ و کوڕێکی جوان و خنجیلانە دەرازێتەوە.

وەک بەشێکی زۆر لە خەڵکی نێو ڕیزی شۆڕش ژیانێکی ئاساییان دەبێ. وەک باسمان کرد خاتوو گوڵاڵە خۆی خوێندەوار و مامۆستا بوو و لەگەڵ ئەوەش پەروەردەی بنەماڵەیەکی حیزبییە بۆیە دوو منداڵی هەتا بڵێی باش و ژیری پەروەردە کردووە. کاک ڕێبوار لە ماوەی ژیانی هاوبەشیان دا چەندین جار چۆتەوە ناوچە و گەڕاوەتەوە و خاتوو گوڵاڵە وەک ئەوەی بۆ هەموو ژنانی نێو شۆڕش بە میرات ماوەتەوە بوێرانە و بە دڵێکی پڕاوپڕ لە هیواوە ئاگای لە جگەرگۆشەکانی بووە و چاوەڕوان بووە کە خۆشەویستەکەی بە سلامەت بگەڕێتەوە و بە خۆشییەوە هەموو جارەکان ئەوە ڕووی داوە و بە دیداری یەک شاد بوونەتەوە.

بەڵام ئەوەی دەڵێن دەستی قەدەر لەوانەیە ڕاست بێ و ڕۆژی ٢٣ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی لە کاتێکدا کە دوو مانگ لە شەهید کردنی ژینا ئەمینی تێدەپەڕی ڕێژیمی خوێنمژی کۆماری ئیسلامی بۆ دووهەم جار ژەهیری خۆی ڕشت و بە چەندین جار هاویشتنی هاژەک و دڕۆن نرکەی لە ئەوکی هەموو کوردستان بە تایبەت خۆشەویستانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەستاند.

لە ئاکامی ئەو هێرشە درندانەیە دوو پێشمەرگە بە ناوی ڕێبوار عەبدی هاوژین و هاوڕێی ژیانی خاتوو گوڵاڵە عوسمانی و ئاسۆ توانا شەهید و پێشمەرگەیەک بە ناوی محەممەدڕەزا بادبرود بریندار بوو، کە دوای حەوتوویەک ئەویش شەهید بوو.

شەهید بوونی شەهید ڕێبوار زامێکی سارێژ نەبووە لە جەستە و ژیانی گوڵاڵەی مامۆستا و ژیر و خانم کەوت، ئەمجار ئەو لەگەڵ لاوندنەوەی منداڵەکانی و چاوەڕوان بوونیان کە ئاخۆ کەی هاوڕێ و هاوژینی ژیانی دێتەوە و بە ئامێزێکی میهرەبانانە و کۆمەڵێک بیرەوەری و شتی جوان دڵخۆشیان دەکات، هەموو ڕۆژێ ڕێگای مەزارگەی نەمران دەگرێتە بەر و لەسەر لەتە بلووکێک ڕوو لە کێلێکی سارد دادەنیشێ و ورد ورد فرمێسک هەڵدەوەرێنێ و ئەوەی چیرۆکی عەشقی لە دڵی دایە بە بێدەنگی هاواری بۆ دەکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



ن. ئا: تریفه فاتیحی

# کورتەیەک لەسەر ژیانی ئەدەبی «ئەسمەر ئیبراهیمی»



خانمه شاعیرو نووسەرو وەرگێڕ خاتوو ئەسمەر ئیبڕاهیمی ، ساڵی ١٣٤٨هەتاوی لە شاری سنەی سەربەرز مەکۆی شۆڕەسوارانی ئەدبیاتی کوردستان چاوی بە دونیا هەڵێناوە.
دەورانی منداڵی هەر شاری سنه بووەو هەر لەو شارەش دیپلۆمی ئەدەبیاتی وەرگرتووە.
لە ساڵی ١٣٨٠وە دەستی بە نووسین کردووە و زۆر چالاکانە هاتووتە مەیدان و سەرکەوتووانە درەخشاوەتەوە، ساڵی ١٣٩٢هەتاوی یەکەم بەرهەمی شێعری بەناوی ( چاوم کە بە دواتا دەشتێکه) چاپ و بڵاو کردۆتەوە.
نووسراوەکانی خاتوو ئەسمەر هەڵقوڵاوی هەستێکی ژنانەو ئەویندارانەن بۆ خۆشەویستی نیشتمان و دەربڕینێکن لە ژان و ئازەرەکانی ژنانی نیشتمانی .
خاتوو ئەسمەر ئیبڕاهیمی هەم بە زمانی فارسی و هەم بەزمانی کوردی شیعر دەنووسێ و هاوکات لە پەنای شیعر دا کاری وەرگێڕان بەتایبەت وەرگێرانی فیلم و دراما دەکا بو سەر زمانی کوردی.
هاوکات لەزۆر لە بڵاڤوگەکانی کوردستان و ئێران شیعرەکانی بڵاو بوونەوەتەوە بڵاوکراوەکانی وەک سیروان ،ئاگرین ڕۆژ ، ڕۆژان ، وزن دنیا و حەوتە نامەی دیدگا.
تائیستا زۆرێک لە شیعرەکانی خاتوو ئەسمەر کراونەتە بە گورانی ،
دەبێ بلێن خاتوو ئەسمەر لە زۆر بواراندا چالاکی و دەکا و بە هەوڵ و ماندوو بوونی زۆری خزمەت بە ئەدەبیات و شیعر و هونەر دەکا ویەک لەو ژنە هەڵسوور و ماندوو نەناس و دیارانەی شاری سنه و کوردستانە.
هەنوکەش بەر پرسی ڕێکخراوی وشە یە لە کافە کتێب کە مەکۆی هونەرمەندان و ڕۆشەنبیرانی شاری سنەیە بە گشتی و دەورو بەری بەتایبەتی ، خزمەت بە ئەدیبان و نوسەران و هونەرمەندانی گەلەکەمان دەکا و تا ئیستا زیاتر لە حەفتا بەرنامە و کوڕی ئەدەبی و پەردەلادانی کتیب و هەروەها پێشانگا وێنە و .... لە کارنامە درەوەشاوەکانی کافە کتێبە کە خاتوو ئەسمەر بەو پەڕی لەخۆ بردوویی و ماندوو نەناسی سەر پەرشتیان دەکات.

مستێک بێ ئامانجیم لە گیرفانە و
ڕێگا بەرەو نادیار ئەڕوانێت
ئاخۆ کامە دەستی بای ژیان
وەک گەڵایەکی سەرگەردانی پاییزی
هەڵمببڕێت و
لە بێهوودەیی کامە وەرزی چارەنووسدا
بەرم بداتەوە


ئەوەی لێ تێناگەم
سەمای چەمەری چارەنووسە کە واز لە هەڵبەزین و دابەزین ناهێنێت
ئەوەی ئەمخاتە گومانەوە
خۆشەویستی نیشتمانێکە
قامکی خستوەتە قۆرگم و
هەتا ڕەشانەوەی دواین ئارەزوو واز ناهێنێت
نیشتمانێک
کە نە شهید کارێ لێ ئەکا و نە شێعر
نە ئاوات ئەناسێت نە ئارەزوو
نیشتمانێک کە هەموو سەر لە بەیانییەک
بە تەمای هەواڵی شەڕێکیتر بە خەبەر دێتەوە
لە برسیەتی و خەون و خوێن
ئاوڕ ناداتەوە
نە هەناسەی سارد ئەیورووژێنی و
نە کزەی جەرگی سووتاو
پشتی کردووە لە ژیان و
چاوی لە دونیایەکی مەرگاژنە
ئەوەی ئەمخاتە گومانەوە
خوشەویستی نیشتمانە

ئەسمەر ئیبراهیمی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جیهانی گوڵەکان

# سوودەکانی ڕیحانە و سۆیا



جیهان بێتووشی

ڕێحانە

ڕێحانە چییە گوڵە یان سەوزە؟

تەنیا بۆنی خۆشە یان دەخورێت ؟

با باسێک لە ڕووەکی ڕیحانە بکەین ڕاستە لە زۆربەی وڵاتان ڕەیحانە بە کار دەهێن بۆ خواردن و بەرهەمی جوانکاری بەڵام نیشتمانی ڕیحانە هیندستانە، لای هیندییەکان زۆر گرنگە و لە زۆر بواری خواردن و جوانکاریدا بەکاری دەهێنن ڕوەکی ڕیحانە لای خۆشمان وەکو ڕوەکێکی بەسوود و بۆن خۆش بەکارهاتووە.

جا با من باسی هەندێ سوودی ڕێحانەتان بۆ بکەم تا ئێوەش سوودی لێ ببینن:_

١_ خواردنی ڕیحانە لەگەڵ سەوزەکانی تر لەسەر سفرە و خوانەکان یارمەتیمان دەدا کێشەی هەرسکردنمان کەم بێتەوەو خواردنەکان ئاسان هەرس ببن.

٢_ دەتواندرێ لە زەیتی ڕێحانە شێدارکەرەوە و کرێم دروست بکرێت و سوودێکی زۆر بە پێست دەگەێنێت تا جوانتر دەرکەویت و هەمیشە بە گەنجی بمێنیتەوە.

٣_ ئەوانەی نەخۆشی شەکرەیان هەیە وا باشترە ڕیحانە بجوون تا بەردەوام شەکرەکەیان لە کۆنترۆڵدا بێت.

٤_ ڕیحانە وشک بکەرەوە و وەکوو بەهارات بیکەرە خواردنەکانت تا بۆن و تامێکی خۆش بدەی بە خوارنەکانت وە هەموو کەسێک ببێ بە میوانی سفرە و خوانت.

٥_ ڕێحانە زۆر بەسوودە بۆ نەهێشتنی بۆنی ناخۆشی ناودەم بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە جگەرە دەکێشن بە بەردەوامی بۆنی دەمیان دێ وا باشترە کە بەردەوام ڕیحانە بجوون .

٦_ڕێحانە لە ئاودا بکوڵێنە و ئاوەکەی بخۆرەوە سوودی هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە هەڵامەتیان هەیە و لە زستاندا سیستەمی بەرگری دژی بەکتریا و ڤایرۆسەکان بەهێز دەکات.

بەڵام لە بیرتان بێت نابێت زیادەڕۆیی لە خواردنیدا بکرێت چونکە هەر شتێک ئەگەر زۆریش بەسوود بێت زۆر زیادە ڕووی لە بەکارهێنانی دەبێتە هۆی زیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



گەیاندن بە لەش بەڵام هەواڵێکی خۆش بۆ ئەو کەسانەی کە دوو گیانن یاخود شیر دەدەن ڕیحانە سوودێکی زۆر باشی بۆیان هەیە و زیانیان پێ ناگەیەنێت

---

سۆیای یان گۆشتەوشکە؟

زۆر جار بەرگوێمان کەوتووە کە بە سۆیا وتراوە گۆشتە وشکە، بەڵام سۆیا یەکێکە لە ڕووەکە بەسوودەکان و سوود و بەرهەمێکی زۆری هەیە و ڕووەکێکی هاوینە و تایبەت و گرنگە سۆیا سەر بە پاقلەمەنییەکانە و بەرهەمی جۆراوجۆری لێ دروست دەکرێت لە هەموو جیهاندا بەکارهێنەری هەیە و جووتیارەکان بە ڕێژێکی زۆر دایدەچێنن دوای ئەوەی پێ دەگات و دەگاتە وەرزی دروێنە دروێنە دەکرێت و لە کارگەکان دەنکەکەی جیا دەکرێتەوە کە وەکو خواردن بە کار دەهێنرێت یا دەهاردرێت و بەرهەمی شیرەمەنی لێدروست دەکرێت وەک شیر و پەنیر کە لەوانەیە بەلاتەوە سەیر بێ کە بەرهەمی شیر و ڕووەک؟ بەڵێ ئەوە سوودێکی هەرە گەورەی ڕووەکی سۆیایە و ئەوەی کە لە دوای هاڕینی دەنکەکەشی لە کارگەکاندا دەمێنێتەوە دەکرێتە ئالیک یان (خواردن) بۆ ئاژەڵان وە هەروا بەرهەمێکی تری ڕووەکی سۆیە بریتییە لە ڕۆن و ڕۆنی لێ بەرهەم دەهێنرێ و سوودێکی زۆری هەیە بۆ تەندروستی و دەتواندرێ لە خواردنەکاندا بە کار بهێندرێ بۆچی زۆر کەس پێی دەڵێن گۆشتە وشکە؟

چونکە بڕێکی زۆر پرۆتینی تێدایە و کە دەگات بە سوودەکانی گۆشت بۆیەش زۆر کەس بە گۆشت ناوی دەبەن هەموو کەس دەتوانێ سۆیا بخوات چونکە شەکری تێدا نییە بەڵام لەجیاتی ئەوە چەوری بەسوودی تێدایە کە بەسوودە بۆ لەش و دەبێتە هۆی دابەزاندنی کێشی لەش ڕووەکێکی گرنگە بۆ لەناوبردنی خانە شێرپەنجەییەکان یان کەم کردنەوەی چالاکییان بۆیە سۆیا بخۆ و تەندروست بژی.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ژیان و خوێندنی ئەو خاتوونانەی کە ئەمساڵ لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان پلەی بەرزیان هێناوەتەوە

**هەموو ساڵێک لە کۆتایی ساڵی خۆێندندا چەندیین کچ و ژن لە نێو ڕیزەکانی «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران»دا بە سەرکەوتووی قۆناغی خوێندن و زانکۆیان بە باشترین پلە دەبڕن و دەبنە مایەی شانازی بۆ حیزبەکەیان و بنەماڵەی گەورەی دێموکرات.**

**گۆڤاری «ژنان» بە ئەرکی خۆی دەزانی پشتگیری هەموو سەرکەوتنەکانی ژنان و کچانی کۆمەڵگە و بەتایبەت ژنان و کچانی نیو ڕیزەکانی شۆڕش بکا.**

**بەو هۆیە داوامان لەو خۆشەویستانە کردووە کۆرتەیەک لە ژیاننامەی خوێندنی خۆیانیانمان بۆ بنێرن تا لەو ژومارەیەی گۆڤار بڵاو کەینەوە.**

## بێریوان عبدوڵاپوور:

من بێریوان عبدوڵاپوور کچی شەهید ڕەسوڵ عبدوڵاپوور ناسراو بە (ڕەسوڵ لیلانەیی) و خونچە سەلیمی، لە ٣ی ڕێبەندانی ١٣٨٠ لە نەخۆشخانەی ئازادی لە دایک بووم، خاوەنی سێ خوشک و دوو برام بە ناوەکانی (بێگەرد، بێخاڵ، بێژان _ بیرەوەر، بڕیار) ژیانی منداڵیم لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات بەسەر بردووە، لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی تا پۆلی ٤ سەرەتایی لە قوتابخانەی هەرمۆتە و لە ٥ و ٦ی سەرەتایی لە قوتابخانەی ٢ی ڕێبەندانی کەمپی زەویەسپی خوێندوومە، لە پۆلی ٧ تا ٩ی ناوەندی لە قوتابخانەی هەرمۆتە خوێندوومە، دواتر بۆ درێژەدان بەخوێندی ئامادەیی ڕووم لە قوتابخانەی (کانی کچان) لە شاری کۆیە کردووە و توانیم سەرەڕای قورسی ژیان ئەو قۆناغەش بە سەرکەوتوویی ببڕم، لە پۆلی ١٢ ئامادەیی توانیم کۆنمرەی (٧٨) بەدەست بهێنم.

توانیم بەو کۆنمرەیە لە فاکەلتی پەروەردە_ بەشی مێژوو لە زانکۆی کۆیە درێژە بەخوێندن بدەم، بە خۆشحاڵییەوە لەسەر ئاستی زانکۆ لەو بەشەدا توانیم هەر چوار قۆناغ (پلەی یەکەم) بەدەست بهێنم و بەسەرکەوتوویی تەواوی بکەم.

ئەمە سەرەڕای ئەوەی لەماوەی ژیانی خوێندنم توشی زۆر کۆسپ و تەگەرە بوومەتەوە، بەڵام هەر سوور بووم و بەردەوام بووم لە خوێندن، هیوادارم ئەمە تەنیا سەرەتایەک بێت بۆ ژیانی خوێندن و بتوانم زۆر زیاتر خۆم پەرەپێبدەم و لەو ڕێگەیەوە خزمەت بە گەلەکەم بکەم.

سەبارەت بە ژیانی بنەماڵەییم، باوکم خەڵکی گوندی(لیلانە) ی سەر بە شاری ڕەبەت و دایکم خەڵکی شاری ڕەبەتە، دایکم هەر لە تەمەنی منداڵییەوە پەیوەست بە ڕیزەکانی خەبات بووە و لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر گەورە بووە ، باوکیشم لەتەمەنی ١٥ ساڵییەوە پەیوەست بە ڕیزەکانی خەبات بووە و تا تەمەنی ٤٥ ساڵی لە خەبات بەردەوام بووە و لە ڕێکەوتی ١٧ی ٨ی ١٣٩٣ شەهید بووە، بەڵام دایکم توانیویەتی پاڵپشتمان بێت و لەو ماوەیەدا سوور بێت لەسەر ئەوەی بتوانین لە خوێندن بەردەوام بین و پەرەبەخۆمان بدەین، خۆشم لە ساڵی (١٣٩٧) ژیانی هاوسەرگیریم لەگەڵ یەکێک لە پێشمەرگەکانی حیزب پێک هێناوە، لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا پاڵپشتم بووە و بەردەوام کار ئاسانی بۆ کردووم تا بتوانم بەو خەون و ئامانجانەی لە ژیانم هەیە بگەم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## شیلان خزرپوور:

من شیلان خزرپوور لە ٧ی گەلاوێژی ١٣٨١ لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر لە گووندی (گۆلی مەرزینگ ) سەر بە شاری بۆکان لە دایک بووم . لە تەمەنی شەش ساڵی وەک هەر منداڵێکی تر هەر لە گووندەکەی خۆمان ناو نووس کرام بۆ خوێندن و لەگەڵ کرانەوەی خوێندنگا دەستم کرد بە خوێندنی سەرەتایم بەڵام بەهۆی ئەندام بوونی باوکم و کارو و چالاکییەکانی و ئاشکرا بوونی نەم توانی لەوێ درێژە بە خوێندن بدەم و هاتینە باشووری کوردستان و لە کەمپی (جێژنیکان) نیشتەجێ بووین. خوێندنی سەرەتاییم لە قوتابخانەی جێژنیکانی بنەڕەتی بە کۆتا گەیاند و بە خۆشحاڵییەوە یەکێک بووم لە خوێندکارە پلەبەرزەکان و ئەگەر یەکەم نەبام دووەم بووم. دواتر خوێندنی ناوەندیم تا پۆلی هەشتەم لە قوتابخانەی دواناوەندی جێژنیکان درێژە پێدا و دواتر لەگەڵ ڕاگەیاندنی خەباتی نوێی حیزب (ڕاسان) بەهۆی ئەرکە حیزبیەکانی باوکم ماڵمان گواستەوە بۆ کەمپی ئازادی لە کۆیە و بەم جۆرە خوێندنی ناوەندیم لە خوێندنگای ڕۆژهەڵات بە کۆتا گەیاند. خوێندنی دواناوەندیم لە خوێندنگای چرۆی نموونە دەست پێکردوو لەو ماوەیەدا بەهۆی ئەوەی کچە پێشمەرگە بووم چەندین جار ڕووبەڕوی بارودۆخی سەختی ناو شۆرش دەبوومەوە و زۆر جار ترسی بێباوکی باڵی بەسەردا دەکێشام بەڵام سەرەڕای ئەم هەموو سەختییە دەبوو دەرکی ئەوەمان هەبایە کە ئەم ڕێگا و ڕێبازە فیداکاری دەوێت و منیش وەک منداڵێکی ناو ئەو شۆرشە پێم وایە کە ئێمە وەک منداڵانی ناو شۆرش هەمووومان پێویستە بە پێنووسەکانمان یارمەتیدەر و درێژەدەری ئەم ڕێبازە بین. سەرەڕای ئەو هەموو ناخۆشییە توانیم لە پۆلی ١٢ی زانستی بە کۆنمرەی ٨٠ دەربچم و قۆناغی نوێی خوێندنم درێژە پێ بدەم . بە خۆشحاڵییەوە لە زانکۆی کۆیە فاکەڵتی زانست و تەندروستی لە بەشی فیزیا وەرگیرام و ئێستاش لە دوا قۆناغم بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالاریۆس (لیسانس) لە بواری فیزیا.

هەرچەندە ئەمە ئاسان نەبوو زۆر شەو و ڕۆژم بە شەونخونی و بێ خەوی بەسەر برد لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوە و خۆشی بەشدار نەبووم بەڵام هەرگیز لە هیچ ڕۆژێکی ئەم ساڵانە پەشیمان نەبووم. لە لایەکی تریش ئەو بارودۆخە سەختەی کە حیزب کەوتە ناوی لە مووشەک بارانی بنکە و ماڵەکانمان تا چۆڵکردنی ماڵەکانمان و جێهێشتنی ، لە ساڵەکانی خوێندنم ڕاستە کۆمەڵێک ناخۆشیم بینی بەڵام باوەڕم وابوو کە هەر ئاوات و ئامانجێک کە هەتبێت و لە دڵەوە باوەڕت پێی هەبێ ئەوا هیچ شتێک ڕێگر نابێت لە بەردەوام بوون بۆ گەیشتن بە ئامانج و ئارەزووەکان.

ئاواتە خوازم بتوانم لە قۆناغە یەک لە دوای یەکەکانی ژیانم و خوێندنیشمدا بە هەمان شێوە سەرکەوتوو بم و ئاواتەخوازم کە هەموو منداڵانی ناو شۆرش بە سەرکەوتوویی و سەرفرازی ببینم.

لە کۆتـــایدا بە پێویستی دەزانم کە سپاسی حیزبی دێموکرات بکەم بۆ یارمەتی دان و ڕێخۆشکردن بۆ درێژە دان بە خوێندنی من و هەموو منداڵانی ناو شۆرش، وە هەروەها سوپاسی دایک و باوکم دەکەم کە هەموو کات لە هەموو بارووردۆخێک پاڵپشت و هاوکارم بوون .



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**بێریڤان عەزیمی:**



من بێریڤان عەزیمی، کچی زیبا ڕەوشەن و فەرەیدون عەزیمی، لە ١ی بەفرانباری ١٣٨١ لە نەخۆشخانەیی کەمپی ئازادی لە دایک بووم، خاوەن یەک خوشک و یەک برام بە ناوەکانی (فەردین و دلۆڤان) وەک هەر منداڵێکی تری حیزبی ژیانی منداڵیم لەناو کەمپی حیزبی بەسەربردووە، پۆلی یەکەمی سەرەتاییم تا پۆلی نۆیەمی ناوەندی لە قوتابخانەیی ڕۆژهەڵاتی بنەڕەتی تێکەڵاو بە سەرکەوتوویی خوێندوە، دواتر بۆ درێژەدان بە خوێندنی ئامادەیم ڕووم لە شاری کۆیە کردووە لە ئامادەیی کانی کچان خوێندنی ئامادەییم تەواو کردووە، دواتر بە کۆنمرەی ٨٢ لە بەشی مێژووی زانکۆی کۆیە وەرگیراوم و ئێستا لە قۆناغی چوارەمی خوێندنم دام، بە خۆشحاڵیەوە توانیومە لەو چوار ساڵەمدا لەسەر ئاستی بەشەکەم پلەی دووەم بە دەست بێنم، ئەگەرچی ژیانی خوێندنم وەک هەر منداڵێکی تری حیزبی بە قورسی تێپەڕیوە بەڵام هیوادارم دوای تەواوکردنی خوێندنم بتوانم خزمەت بە حیزب و گەلەکەم بکەم.

سەبارەت بە ژیانی بنەماڵەم باوکم خەڵکی گوندی کەراوایی سەر بە شاری مەریوانە و دایکم خەڵکی گوندی نۆدشەی هەورامانە سەر بە پارێزگای کرماشان، باوکم هەر لە سەرەتای تەمەنی لاویەوە پەیوەست بووە بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئێستاش بەردەوامە لە ئەرکی پێشمەرگایەتی خۆیی و دایکیشم هەر بەو جۆرە ئەندامی حیزبی دێموکراتە و نیشتەجێین لە کەمپی ئازادی.سەبارەت بە ژیانی بنەماڵەم باوکم خەڵکی گوندی کەراوایی سەر بە شاری مەریوانە و دایکم خەڵکی گوندی نۆدشەی هەورامانە سەر بە پارێزگای کرماشان، باوکم هەر لە سەرەتایی تەمەنی لاویەوە پەیوەست بووە بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئێستاش بەردەوامە لە ئەرکی پێشمەرگایەتی خۆیی و دایکیشم هەر بەو جۆرە ئەندامی حیزبی دێموکراتە و نیشتەجێین لە کەمپی ئازادی.

درێژەی

# قاتی «شیری وشک» لە ئێران

ئەو ژنانەی بوون بەدایک باش دەتوانن بزانن کە عەوڵاد و جگەرگۆشە چەندە خۆشەویستە، مرۆڤ کە دەبێتە دایک پێیخۆشە گیانیشی بۆ منداڵەکەی بدات کە منداڵ برسی ئەبێت و ئەگریەت دایکەکەی هەتا چەند هەنگاو بەرەولای قوتووە شیرەکە ئەچیت و بە پەلە شیری بۆ ئەگریتەوە دڵی ژان ئەکات هەتا قاپە شیرەکە بە لێوی منداڵەکەت بگات، ئارامی نییە جابیهێننە بەرچاوی خۆتان دایکێک کە خۆی شیری نییە و شیری وشکیش بە هیچ نرخێک لە وڵات دەس ناکەوێت، چ حاڵێکی ببێ؟ ئەو مەسەلەیە ئەوەندە دڵەڕاوکێی پێوەیە کە دایک و باوکەکان بە بیرکردنەوەیشی لەشیان دەلەرزێ چوونکە برسێتی منداڵی شیرەخۆرە بەهیچ خواردنێکی دیکە چارەسەر نابێ جگە لە شیر، وەها نییە کە بڵێی دەی ئەو خواردنە نەبوو خواردنێکی دیکە بۆیە جەنابی ناڕێبەری ڕێژیم فەرمانەکەی وەک هەموو فەرمانەکانی دیکەی زۆر بێجێگەیە، خۆی سکی تێرە و هەتا وەچەی چەپەڵی بڕوات بە پارەی خوێنی خەڵکی، شاهانە ئەژین ئێتر چ دەربەستی منداڵی هەژارە کە لەبەر سیستەمە گەندەڵ و دزەکەی ئەو شیریش نەبێ بیخوات.

ئەو هەموو شێر و ڕێوییەی کاربەدەستان و ئۆرگانە دەوڵەتییەکانی ڕێژیمی ئێران ئەیهێننەوە لەسەر کەمی و نەبوونی شیری وشک و هەمووان کەس یان ئۆرگانێکی دیکە بە خەتابار دەزانن، کێشەی شیری وشک یان هەر کێشەیەکی دیکەی کۆمەڵگە چارەسەر ناکات و هەتا ئەڕوات دڵەڕاوکێ و ترس لە داهاتوو و گوزەرانی ژیان لە دڵی خەڵکدا زیاتر ئەبێ.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# WOMEN LIFE FREEDOM







women

65

Democrattic Women Union of Kurdistan

20/4/2024





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org